3

٦ بۆ ١٢ ساڵ

# زنجیرەی هەبوو، نەبوو

# یەخسیری وەک مردنە

ئامادەکردنی: ئازاد عەبباس



# هەبوو، نەبوو

## بەشی سێیەم

## (یەخسیری وەک مردنە)



ئازاد عەبباس گلێجاڵی

## بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو نەک لە گوندەکەی خۆمانا بەڵکو لە گوندەکانی دەوروبەریشا دایکم تاکە ئافرەتێک بوو خوێندەواری هەبێ، چونکە کچە مەلایە، ئەو کاتە خەڵک ووتویانە: کچەکەی مەلا مەحمو خوێنەوارە! نیوەی یەکەمی هەشتاکان بوو، هێشتا نەچوبومە قوتابخانە، بە حوکمی ئەوەی دایک خوێندەوار بوو شەوانە کتێبی سەرچاوەی ئایینی زانای مەزن مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیسی بۆ ئەخوێندینەوە، دوای ئەو باوکیشم چیرۆکی بۆ ئەگێڕاینەوە، یەکێک لەو چیرۆکانەی کە لە بیرم ماوە چیرۆکی گڵمتک بوو، چیرۆکەکە ئاوایە:

ڕۆژێک لە ڕۆژان گڵمتکێ گل بوە، دای لە تەمورە، تەمورەی شکاند!

ووتی: گڵمتک بۆچی تەمورەت شکان؟

ووتی: بۆچی گیا لە بانی پشتم سەوز ئەوێ؟

ووتی: گیا! بۆچی لە بانی پشتی سەوز ئەوی؟

ووتی: بۆچی مێ سەرقرتم ئەکا؟

ووتی: مێ! بۆچی سەرقرتی ئەکەی؟

ووتی: بۆچی گورگ دوگم ئەخوا؟

ووتی: گورگ! بۆچی دوگی ئەخۆی؟



ووتی: بۆچی شوان حەلەلەم لێ ئەکا؟

ووتی: شوان! بۆچی حەلەلەی لێ ئەکەی؟

ووتی: بۆچی داپیرە نانە سوتەڵەم ئەداتێ؟

ووتی: داپیرە! بۆچی نانە سوتەڵەی ئەدەیتێ؟

ووتی: بۆچی مشک سەردۆڵەکەم ئەخوا؟

ووتی: مشک! بۆچی سەردۆڵەکەی ئەخۆی؟

ووتی: بۆچی پشیلە قەپم پیا ئەکا؟

ووتی: پشیلە؟ بۆچی قەپی پیا ئەکەی؟

ووتی: چاووم زاقە! گوێم دوو فاقە! حەلەلەو کش کش لەم تاقە بۆ ئەو تاقە!.

هەمو تاوانەکەیان ئەهێنایەوە بۆ لای پشیلە، وەڵامی پشیلەکەش ئێمەی زۆر پێئەکەناند!

خوێنەری بەڕێز!

بەشێک لە وێژەو ئەدەبیاتی هەمو گەلان بریتیە لە گێڕانەوەی چیرۆک و ڕوداوەکان، لەم بەشەشدا گێڕانەوەی ڕوداوەکان بە ناوی ئاژەڵانەوە ئەگەر پشکی شێری بەرنەکەوتبێ ئەوا پشکێکی زۆر گەورەی بەرکەوتوە، چیرۆکەکانی کلیلە و دیمنە، مەنتیقوتەیری نەیشاپوری، مەسنەوی مەعنەوی گەورە خواناس جەلالەدینی ڕۆمی و ... شایەتی ئەم ڕاستیەن، مرۆڤە ژیرەکانی پێشوو زۆر جار لە دەست ستەم وزوڵمی کاربەدەستان ناڵاندویانە، نەشیانوێراوە ڕاستەوخۆ





ڕەخنە لە پاشاو وەزیرو کاربەدەستەکان بگرن، بۆیە لە ژێر پەردەی گێڕانەوەی چیرۆک بە ناوی ئاژەڵانەوە پلاری خۆیان گرتوەتە کاربەدەستان و داخی دڵی خۆیان ڕشتوە.

زۆر جاریش بە ناوی گێڕانەوەی چیرۆکی ئاژەڵان تەمێ و ئامۆژگاری خەڵکیان مەبەست بوە، وەک چیرۆکەکانی مەسنەوی مەعنەوی کە زیاتر لەم جۆرەیانە.

یەکێک لە گرنگیەکانی چیرۆک ئەوەیە کە زۆر زوو لە مێشکا ئەچەسپێ و درەنگ لە بیر ئەچێتەوە، هەر ئەوەشە وای کردوە کە زۆر جار پەنا بۆ چیرۆک ببرێت، ئەم کورتە چیرۆکانە کە لەبەردەست بەڕێزتایە بریتین لە کۆمەڵێک چیرۆک کە پڕن لە پەند و ئامۆژگاری بۆ تازە لاوە بەڕێزەکان، خۆ ئەگەر گەورەکانیش بیخوێننەوە ئەتوانن زۆر سودی لێ هەڵکرێنن، هیوادارم بە ووردی بیخوێنیتەوەو بەشی خۆت سوەی لی هەلکرێنی.

براتان

ئازاد عەبباس گڵێجاڵی

شارەزوور، گوندی قەرەگۆلی حاجی جەزا



# (١)
# دز و ڕێوی

یەکێ هەبو ، یەکێ نەبو، جگە لە خوا هیچ کەس نەبو، هیچ هەر نەبوو.

ڕۆژێک شێری پاشای دارستان لە سەر تەختی پاشایەتی دانیشتبوو، هەمو ئاژەڵانیش لێی کۆ ببونەوە، کڕ و کپ بیریان لەوە ئەکردەوە کە ئەمڕۆ شێر چ فرمانێک دەر ئەکات؟ هیوایان ئەخواست کە فرمانێک بێت بۆ هەمو لایەک باش بێ.

شیر کۆتایی بە بێدەنگی ئاژەڵەکان هێنا و ووتی:

ـ مەیمون لە کوێیە؟

مەیمون بە پەلە هاتە وەڵام و ووتی:

+ گەورەم ئەمەتام! فرمانت لە سەر سەرم!

ـ ئەمەوێ ئەمڕۆ تۆ هەمو دارەکانی لای ڕۆژهەڵاتی دارستان ئاو بدەی!

+ بە سەرچاو گەورەم! فرمان فرمانتە!

پاشان شێر ووتی:

- کوا گوێدرێژ لە کوێیە؟

گوێدرێژ هاتە دەنگ و ووتی:

× بەڵێ گەورەم! لە خزمەتام

- تۆ ئەمڕۆ خواردنێکی زۆر کۆ ئەکەیتەوەو ئەگەڕێی بە سەر ئەو بێچوە ئاژەڵانەی دایکان مردوە هەمویان تێر ئەکەی!

× بە سەرچاو گەورەم!

شێر هەمو ئاژەڵەکانی دانە دانە بانگ ئەکرد و هەر یەکەو کاریکی پی ئەسپارد و ئاژەڵەکان کاری خۆیان بە باشی جێبەجێ ئەکرد ... شێر لە کارەکانی خۆی بویەوەو ویستی بڕواتە ماڵەوەو پشویەک بدا کەچی گوێی لە دەنگێک بو ووتی:

= ئەی من گـەورەم! ئەمڕۆ هیچ کارێک بە من ناسپێری!؟

- ئای مام ڕێوی بەڕێز! چۆنی؟ باشی؟ بەڕاست تۆش ئەتەوێ کارێک بکەی؟

= ئەی چۆن

شێر کەمێک بیری کردەوەو ووتی:

- تۆ بڕۆ بۆ لای فیل و یارمەتی ئەو بدە، کارەکانی فیل زۆرە و گرانە، لەوانەیە پێویستی بە یارمەتی تۆ هەبێ.

= بە سەرچاو گەورەم! هەر ئێستە خۆم ئەگەینمە



جەنابی فیل

ڕێوی ڕۆشت بۆ لای فیل و چۆنیەتی هاتنی خۆی بۆ فیل گێڕایەوە.... فیل ووتی:

* زۆر باشە! منیش کارێکی ئاسانت بۆ دیاری ئەکەم

= چ کارێکم پێ ئەسپێری؟

* ببە بە پاسەوانی ئەو تەختەو دارانە با دز نەیانبا!

= زۆر باشە! ئەوە کارێکی گەلێ ئاسانە

* دەی پشت بە خوا بڕۆ و دەست بکە بە پاسەوانی

ڕێوی ڕۆشت و بو بە پاسەوانی دارو تەختەکان، هەرجارێ کە دز ئەهاتن بۆ دارو تەختە دزین تەماشا ئەکەن ڕێوی بە ئاگایەو ئەوانیش بێدەنگ دور ئەکەوتنەوەو نەیانئەوێرا دزی بکەن ... دزەکان بیریان لە فێڵێک کردەوە گە دارو تەختەکان لە ڕێوی بدزن و دواییش تێر پێی بکەنن ... ڕۆشتن و جۆرە جل وبەرگێکیان لە بەر کرد کە ڕێوی وا نەزانێ ئەوانە دزن ... یەک بە دوای یەک هاتن بۆ لای ڕێوی و یەکێک لە دزەکان ووتی:

:: سڵاو لە مام ڕێوی دەست پاک و پاسەوان!

= سەلام سەرچاو بەخێربێن!

:: وا دیارە ووریای، بە باشی پاسەوانی خۆت



ئەکێشی!؟

= دەی بەڵێ، ئیتر ئەمە ئەرکێکە و بە منیان سپاردوە!

:: بە خوا تۆ کەسێکی باش و چاکی!

= سوپاس!

:: جەنابی ڕێوی! من ڕاو بۆچونێکم هەیە!

= چیە؟ بیڵێ!

:: باشە ئەم دار و تەختانە هی فیل نیە؟

= با! هەموی هی ئەوە

::جەنابی فیل هەمو ڕۆژێک بڕێکی زۆر گژوگیا ئەخوا

= مەبەستت چیە لەم قسانە؟

:: با من گژوگیات بۆ بێنم و تۆ جیاتی گژوگیا دارو تەختەم پێ بدە!

= قسەکەت جوانە! فیل دارو تەختەی بۆ چیە؟ گژوگیا باشترە! من ڕازیم

:: کورە تۆ ڕێوییەکی زۆر زیرەکی!

= سوپاست ئەکەم، دەی بڕۆ گژوگیام بۆ بێنە تا منیش دارو تەختەت بدەمێ

دزەکـــان ڕۆشتن و بڕێکی زۆر گژوگیایان کۆ کردەوەو هێنایان بۆ مام ڕێوی، مام ڕێویش هەمو دار و تەختەکانی دا بە دزەکان، بۆ بەیانی ئەو ڕۆژە

فیل بە مەبەستی سەردان و سوپاسگوزاری هات بۆ لای مام ڕێوی، بەڵام چی بینی!؟ ... ئەبینێ دارو تەختە نەماوەو لە جێگەکەیا کۆمایەکی زۆر گەورە گیا هەیە، فیل خۆی پێ ڕانەگیرا و بە هەمو هێزی خۆی قیڕاندی و ووتی:

* ڕێوی! ئەو هەموە گیا چیە؟ ئەی دارو تەختەکان کوان؟

= هەمو دارو تەختەکانم گۆڕییەوە بە گژو گیا، چونکە ئەمزانی تۆ دارو تەختە ناخۆی! گژو گیا ئەخۆی!

* کورە من ووتم پاسەوانی دارو تەختە بی! خۆ نەمووت بیانگۆڕیتەوە بە گژوگیا!

= دەی ئەمە باشترە! تۆ دارو تەختەت بۆ چیە؟

* تۆ چی ئەڵێی ڕێوی! من گژو گیام بۆ چیە؟ من بڕێکی زۆر گژوگیام هەیە کۆگایان نەبو، ویستم بەو داروتەختانە کۆگایەک بۆ گژوگیاکان چاک بکەم بۆ ئەوەی زستان تەڕ نەبن! ئێستە من چی بکەم بەو هەمو گژوگیایە؟

= وەڵڵا چی بڵێم جەنابی فیل! من لە خۆما کارێکی چاکم کردوە!

* من ووتم پاسەوانی بکە یان ووتم مامەڵە؟ زووبە پێش ئەوەی دارو تەختەکان لە کار بهێنن بڕۆ بۆم

بێنەوە!

پاشان فیل قۆرتمێکی بە ڕیوییا ماڵی و ووتی:

* سوپاست ناکەم بۆ ئەو کارە ناحەزو دزێوەی کردووتە! تۆ زەرەرو زیانێکی زۆرت لە من دا!

ڕیوی ڕۆشت بۆ لای شێر بۆ ئەوەی سکاڵا لە فیل بکا، هەمو بەسەرهاتەکەی بۆ شێر گێڕایەوە .... شێر ووتی:

- فیل ڕاست ئەکا! تۆ لە خۆتەوە بۆ کاری نابەجێ ئەکەی؟ نابێ کارێک کە پێت نەسپێراوە لە خۆتەوە بیکەی! دەبێ هەمو کەس ئەو کارە بکا کە پەیوەندی بە ئەوەوە هەیە نەک کارێک کە هیچ پەیوەندی بە ئەوەوە نیە.



# (٢)
# پزیشکی دارستان

یەکێ هەبو ، یەکێ نەبو، جگە لە خوا هیچ کەس نەبو، هیچ هەر نەبوو.

بەیانییەک لە دارستانا ڕێوی سەدرییەکی سپی کردە بەر و ووتی:

- بڕیارم داوە ئیتر لە ئەمڕۆ بەدواوە ببم بە پزیشک!

ڕێوی بە دارستانا ئەگەڕاو هاواری ئەکرد:

- من ئەمڕۆ بوم بە پزیشک! من پزیشکی دارستانم! هەرکەس نەخۆشە با بێت بۆ لای من تا چارەسەری بکەم!

مەیمون گەشت بە ڕێوی و ووتی:

+ ئا بۆستە ڕێوی! ئەوە چی ئەڵێی؟ تۆ چۆن بوی بە پزیشک؟ لە کوێ خوێندنی پزیشکیت تەواو کردوە؟

ڕێوی بەو پەڕی فیزو خۆ بەزلزانینەوە ووتی:

- هێی مەیمون! ئەوەندە قسە مەکە! ئەی نابینی چ سەدرییەکی سپی و جوانم لە بەرایە!؟

+ دەی سەدری چیە؟ پزیشکی بە سەدری سپی و جوان نیە! پزیشکی هونەر و خوێندنە

- بڕۆ ئەوەندە قسە مەکە، ئەگەر نەخۆش کەوتی وەرە بۆ لای خۆم ئەمجا ئەزانی چ پزیشکێکی گەورەو گرنگم!

ڕێوی ڕۆشت و لە ڕێگەدا گەشت بە گورگ، بە دەم بزەو پێکەنینەوە بە گورگی ووت:

- پزیشکی نوێی دارستانت دیـوە؟ ئەها چەند چزیشکێکی گەورەم! تەماشا بزانە چەندە لە پزیشکیدا زانام!

گورگی دووڕوو ئەیزانی کە ڕێوی پزیشک نیەو هیچ لە پزیشکی نازانێ بەڵام ووتی:

× ئای باوکە گیان! ئای لەم پزیشکە گەورەو زانایە! ئەوە چیە ئەو هەموە زانست و زانیارییەت لە کوێ بوو؟ کورە بە دەست من بێ هەر ئێستا ئەتکەم بە سەرۆکی هەمو پزیشکەکان!

گورگ ڕێوی بەجێهێڵاو بە دارستانا ئەگەڕاو بە درۆوە باسی زانیاری و گەورەیی ڕێوی ئەکرد لە بواری پزیشکیدا، باسی ئەوەی ئەکرد کە ڕێوی هەر بگا بە نەخۆش ئیتر نەخۆشەکە کت وپڕ چاک ئەبێتەوە!

هەندێ لە ئاژەڵان بڕوایان بە قسەکانی گورگی درۆزن و دووڕوو کرد، یەکێک لەو ئاژەڵانە کەرگەدەنی بەستە زمان بوو، کەرگەدەن ووتی:

= لە ئەمڕۆ بەدواوە من ئەبم بە نەخۆشی ڕێوی و ڕێوی پزیشکی تایبەتی منە!

ئاسکی چاوا جوانیش ووتی:

:: ئیتر منیش بۆ لای دوکتۆر ڕێوی نەبێ ناچم بۆ لای هیچ دوکتۆرێکیتر!

بەڵام مەیمون ووتی:

+ من هەرگیز ناچم بۆ لای ڕێوی، چونکە سورو ساف ئەزانم ڕێوی دوکتۆر نیەو هیچیشی لێ نازانێ!

گورگی درۆزن و دووڕوو و فێڵباز ووتی:

× هێی مەیمون! ئەوە تۆ ڕقت لە دوکتۆر ڕێوییەو ئێرەی پێ ئەبەی! بۆیە ناتەوێ دان بەوەدا بنێی و بڵێی ڕێوی پزیشکە!

+ خوا ئەزانێ من ئێرەیی پێ نابەم! من ئەمەوێ بزانم ڕێوی چۆن لە پڕێکا بوو بە پزیشک؟ لە کوێ خوێندی؟ چۆن فێر بوو؟ خۆ ڕێوی بۆ ڕۆژێکیش نەڕۆشتوە بۆ خوێندن ئیتر چۆن بو بە پزیشک!؟ لای هیچ پزیشکێکیش نەماوەتەوەو بەردەستی نەکردوە تا شتێکت فێر ببێ! ئیتر چۆن هەروا لە خۆوە بو بە پزیشک!؟



× نەخێر! ڕێوی پزیشکێکی لێهاتوو زۆر زیرەکە! پزیشکی خوێندن و شتی وای ناوێ! خۆی زیرەکەو کت وپڕ بوە بە پزیشک

+ دەی با وابێ! بەڵام من بشمرم بۆ چارەسەر ناچم بۆ لای ڕێوی!

بە تێپەڕ بوونی کات ڕێوی لە ماڵی خۆیا ژورێکی تایبەت کرد بە چارەسەری پزیشکی و کردی بە نۆرینگە! هەندێ گژوگیای هێنابوو هەر ئاژەڵێکی نەخۆش بڕۆشتایە بۆ چارەسەر کەمێک گژوگیای پێ ئەدا و لە خۆوە نەخۆشی و دەرمانیشی دیاری ئەکرد و بڕێک پارەی لە نەخۆشەکان وەرئەگرت ...

بەیانییەک زوو هەمو ئاژەڵەکان لە دەنگی نەڕەی شێر بە ئاگا هاتن، شێر ئەینەڕاندو ئەیووت:

.. کورە مردم ئەوەندە ئازارم هەیە! زوو بن بڕۆن بانگی پزیشکێک بکەن!

ئاژەڵەکان بە پەلە ڕایانکرد بۆ لای پزیشکی نوێی دارستان و پییان ووت:

* زووبە! جەنابی شێر زۆر نەخۆشەو باری تەندروستی تێکچوە! وەرە چارەسەری بکە!

ڕێوی ترسا دەستەکەی کەشف ببێ و هەمو پێی بزانن کە پزیشک نیەو هیچی لێ نازانێ، بەڵام هیچ چارەش نەبوو، دەبو بڕوا، بۆیە لە گەڵ ئاژەڵانا

بەرەو ماڵی شێر کەوتە ڕێ، هەمو گیانی ئەلەرزی ... لە ڕێگەدا گەشت بە گورگی دووڕوو، گورگ ووتی:

× ها! جەنابی دوکتۆری ژیر و زانا! خێرە! بۆ کوێ ئەڕۆی؟

- ئەڕۆم جەنابی شێر نەخۆشە چارەسەری ئەکەم!

گورگ بە دەم بزەو ڕابواردنەوە ووتی:

× باشە! ووریا بە دەرمانێکی باشی پێ بدەی!

ڕێوی دڵە خورپەیەکی توندی لێهاتبوو، بە دەنگێکی لەرزۆکەوە ووتی:

- ئەی چۆن! ئەوە ئەرکی خۆمە! ئێمە ئەبێ جەنابی شیر چارەسەر بکەین!

ڕێوی بە خۆیی و سەدریە سپیەکەی بەریەوە ڕۆشتە لای شێر، شێر لە تاو ئازارا ئەینەڕاند و هاواری ئەکرد، هەر چاوی بە دوکتۆر ڕێوی کەوت نەڕاندی و ووتی:

:: زوبە چارەسەرێکم بکە! زۆر نەخۆشم، دەرمانێکم بدەرێ کەمێک لە ئازارەکانم کەم بکاتەوە

- بە سەرچاو گەورەم! هەر ئێستا

ڕێوی خراپ تێکەوتبوو، نەیئەزانی چی بکا، ئەیزانی ئێستا یا تاوێکیتر درۆکەی دەرئەکەوێ و هەمو ئاژەڵان پێی ئەزانن، خۆ ئەگەر شێر بزانێ ڕێوی درۆ ئەکاو دوکتۆر نیە ئەوە هەر دەسبەجێ پارچە پارچەی

ئەکا! لە دڵی خۆیا ئەیووت:

- قوڕی دونیا بە سەرم! ئەوە من چیم لە خۆم کرد؟ دەبو یان ئەم درۆیەم هەر نەکردایە یان زوو لێی پەشیمان ببمایەتەوە! بەڵام تازە کار لە کار ترازاوە! ئێستا چی بکەم باشە!؟...

ڕێوی بە هۆی نەڕەی شێر هاتەوە ئاگاو بە پەلە بە دوای گژوگیایەکا ئەگەڕا بیدا بە شێر ... هەر لە خۆوە بڕێک گژوگیای دا بە شێر، شێر گژوگیاکەی خوارد... بەڵام تا ئەهات ئازارەکەی زیاتر ئەبوو... زیاتر لە تاو ئازار ئەینەڕاند...

ئا لەم کاتەدا فیل هات بۆ سەردانی شێر و پزیشکێکی ڕاستەقینەی لە گەڵ خۆیا هێنابوو... پزیشکی ڕاستەقینە کەمێک تەماشای شێری کردو نەخۆشییەی دەست نیشان کرد و دەرمانێکی باشی پێدا.... شێر دەرمانی خوارد و ئازاری شکا.... ڕێوی ویستی بە دزییەوە خۆی بخزێنێتە دەرەوەو ڕاکا، بەڵام شێر هەستی پێکرد و بانگی کرد و ووتی:

:: لە شوێنی خۆت نەبزوێی

دوای ئەوەی شێر چاک بویەوە بە پزیشکە ڕاستەقینەکەی ووت:

:: جەنابی دوکتۆر! ئا ئەم ڕێوییە تاقی بکەرەوەو دوو سێ پرسیاری پزیشکی لێ بکە، بزانە ئەمە ڕاستە





ئەکا پزیشکە یان هەر قوڵبڕە!؟

دوای ئەوەی پزیشکی ڕاستەقینە دوو سێ پرسیاری لە ڕێوی کرد و ڕێوی هیچی نەزانی ئیتر درۆی ڕێوی ئاشکرا بوو

شێر ووتی:

:: کێ مۆڵەتی پزیشکی بە تۆ داوە؟

ڕێوی ووتی:

- من خۆم لە خۆمەوە بوم بە پزیشک و دوکتۆر!

:: یانی بە بێ خوێندن و زانیاری هەروا لە خۆتەوە بوی بە پزیشک!؟

- بەڵێ

:: زۆر باشە! من دوو سێ ڕۆژە بە هۆی نەخۆشییەوە نەمتوانیوە بچمە دەر و ڕاو بکەم و زۆرم برسییە، وا بڕیارمدا بتخۆم و زگی خۆم بە تۆی درۆزن تێر بکەم!

هەر لەوێدا دەم دەست شێر ڕێوی درۆزنی خوارد و بە سزای خۆی گەیاند

ئێوارەی ئەو ڕۆژە مەیمون گەشتە مام گورگی برادەری ڕێوی و پێی ووت:

+ هێی مام گورگ! دوکتۆر ڕێوی برادەرت تیا چوو، شێر خواردی! ئەگەر ڕۆژێ نەخۆش کەوتی بۆ لای کام پزیشکە ئەڕۆی؟ خۆ کەست نیە چارەسەرت بکا!

مام گورگ زۆر بە دووڕووییەوە وەڵامی دایەوە

ووتی:
× جا کێ بە تۆی ووتوە کە من بۆ نەخۆشی ئەچوم بۆ لای ڕێوی؟ من کەی قسەی وام کردوە!؟

+ ئەی تۆ نەبوی ووتت: ڕێوی پزیشکێکی لێهاتوو زاناو زیرەکە!؟

× کورە من درۆم پێکرد، من ڕێوی خەڵەتاند و لە خشتەم برد!

+ با وابێ! دڵنیا بە خوا تۆڵەش لە تۆ ئەکاتەوە، هەرکەس دووڕوو و درۆزن بێ ژیانی کورتە، تۆ ئەگەر ئامۆژگاری ڕێویت بکردایە ئاوای بە سەر نەدەهات

مام گورگ تێر بەو قسانەی مەیمون پێکەنی بەڵام نەیزانی کە شێر خۆی لە مەیمون و گورگ داگرتوە، شێر هات و ووتی:

:: کەوابو تۆ ڕێویت لە خشتە بردوە!! زۆر باشە تۆش بە سزای خۆت ئەگەیەنم و ئەتنێرم بۆ لای ڕێوی

شێر پەلاماری گورگی داو ئەویشی خوارد و ناردی بۆ لای ڕێوی.



## (٣)
# پڵنگی یارمەتیدەر

یەکێ هەبو ، یەکێ نەبو ، جگە لە خوا هیچ کەس نەبو ، هیچ هەر نەبوو.

لە دارستانێکا پڵنگێکی زۆر زیرەک هەبو ، زۆریش بە سۆز و میهرەبان بوو، زرنگی و میهرەبانی ئەم پڵنگە لە نێو ئاژەڵانا دەنگی دابویەوە، زۆر دادگەری خۆش ئەویست و ڕقی لە ستەمکاری بوو، کاتی خۆی باوکی فێری ئەم ڕەوشتە جوانانەی کردبوو، ئەوەشی فێر کردبو کە هەمیشە هاوکاری داماوو لێقەوماوان بکات.

ئاژەڵەکان بە گشتی ئەم پڵنەگەیان خۆش ئەویست، هەرکاتێکیش یارمەتیان بویستایە پەنایان بۆ ئەبرد، ئەویش بە هەمو هێزی خۆیەوە یارمەتی ئەدان، هیچ جیاوازیشی لە نێوان ئاژەڵاندا نەدەکرد، ئاژەڵان ئەم پڵنگەیان ناو نابوو هاوکار....

ئا لە بەر ئەوە گورگە دڕندەکان نەیانئەوێرا شاڵاو بۆ هیچ ئاژەڵێک بەرن، یان دزی لە ئاژەڵان بکەن، چونکە پڵنگەکە تۆڵەی لێ ئەسەندنەوە.

ڕۆژێک بە سەرکردایەتی چەپەڵ کە ناوی سەرۆکی گورگەکان بوو هەمو گورگەکان کۆ بونەوەو باسی هاوکاریان ئەکرد کە چۆن بوەتە لەمپەر لە بەردەمیانا ، چەپەڵ هەستا و قسەی بۆ گورگەکان کرد و ووتی:

- گەلی گورکەکان! ئێوە هەموتان ئەزانن کە ژیانی ئێمەی گورگ لە سەر ستەمکاری و دزی بەندە، ئێستاش ئەو هاوکارە لێی تێکداوین و ناهێڵێت نە ستەم بکەین و نە دزی! بۆیە پێویستە ڕێگە چارەیەک بدۆزینەوە!

یەکێک لە گورگەکان لوراندی و ووتی: بەڵێ! پێویستە ئەم کێشەیە چارەسەر بکەین، ژیان بەمجۆرە ناڕوا! ئەم هاوکارە بوەتە کێشە بۆ ئێمە!

گورگێکی تر لەولاوە لوراندی و ووتی: من ئەڵێم یان هاوکار بکوژین یان بار بکەین و بڕۆین بۆ دارستانێکیتر! کە لەوێ بتوانین بۆ خۆمان بە ئاسانی دزی و ستەمکاری خۆمان بکەین

گورگی سێیەم لوراندی ووتی: گورگینە! من ئەزانم هیچ دارستانێکیتر نیە ئێمە بگرێتە خۆ! ئەمە تاکە دارستانە لەم ناوە بتوانین تیایا بژین، بە هۆی ناوبانگی خراپمانەوە ناتوانین ڕوو لە هیچ دارستانێکیتر بکەین.

- کەوابو چارە ئەوەیە کە هاوکار بکوژین!

+ ئێوە شێت بوون؟ چۆن ئەتوانن ئەو پڵنگە بەهێزە



بکوژن؟ ئەوە بە سەدان گورگی وەک ئێمە ناکوژرێ!

= ئەو پڵنگە ئەتوانێ بە یەک هێرش نیوەی ئێمە لە ناو ببا!

× من ئەزانم نیوەکەیتریش بە پەلە بۆی دەرئەچێ و ڕا ئەکا!

:: ئەی پێتان چۆنە لە دارستان دەری بکەین؟

: ئێوە خەو ئەبینن! وا ئەزانن بڵێن لێرە بڕۆ دەرەوە! ئیتر ئەویش سەری خۆی شۆڕ ئەکا و ئەڕواتە دەرەوە!؟

ژاوە ژاوو دەنگە دەنگ لە نێو گورگەکان پەیدا بوو، هەر یەکەو ڕایەکی تایبەتی هەبو، سەرۆک چەپەڵ دەنگی بەرز کردەوەو ووتی:

- نەخێر! ئەو پڵنگە هەر ئەبێ ئێرە بەجێ بهێڵێ یان بمرێ! تەواو ئەوە بڕیاری کۆتاییە و لەوە زیاتر کەس قسە نەکا!

بۆ ماوەی خولەکێک هەمو گورگەکان بێدەنگ بون و لە ناکاو هەمویان لوراندیان و هاواریان کرد:

+=×:: چۆن چۆنی دەری بکەین سەرۆک چەپەڵ! کێ ئەتوانێ ئەو کارە بکا؟

- ئێمە ئەتوانن لە نێوان هاوکارو و شێری سەرۆکی دارستانا دوژمنایەتی دروست بکەینو بەشەڕیاندا بدەین، ئەو کاتە بێگومان شێر ئەتوانێ هاوکار لە ناو

ببات و بیکوژیٚ!
+=×:: ئای کە پیس و شەڕاویت ئەی سەرۆکی چەپەڵ! پیلانەکەت زۆر جوانە!
- دەی وەرن با ئێستە پیلانێک دابنێین بزانین چۆن چۆنی شێر و هاوکار بدەین بە گژ یەکا؟
بۆ ڕۆژی دوایی چەپەڵ خۆی تەواو کزۆڵ کردو بە ڕێزێکەوە ڕۆشت بۆ لای شێر، دوای کرد شێر بیبینیٚ، ڕێگەیان داو چوە خزمەت شێر، چەپەڵ ووتی:
- سڵاو لە سەرۆکی دارستان! چەن پێم خۆشە تەنیا تۆ سەرۆکی دارستان بی، چەن پێم خۆش بو کەس نەیتوانیایە ململانێت لە گەڵا بکا، جەنابی سەرۆک! ئەمەویٚ مۆڵەتم بدەی کە گورگەکان هەمویان خانوەکان نۆژەن بکەنەوە...
شێر قسەی بە چەپەڵ بڕی و ووتی:
* بۆ کیٚ ئەیەویٚ خۆی بکا بە سەرۆک؟ کیٚ ململانیٚ لە گەڵ منا ئەکا!؟
- قوربان بیستومە هاوکار ئەیەویٚ خۆی بکا بە سەرۆکی دارستان و تۆ لە سەرۆکایەتی دەر بکا! هاوکار بە فێڵ و تەڵەکابازی سەرنجی هەمو ئاژەڵانی بەلای خۆیا ڕاکێشاوەو کار لە سەر ئەوە ئەکا خۆی بکا بە سەرۆک و زۆریشی نەماوە سەرۆکایەتی ڕاگەیەنێت!
* بەڵام خۆ هاوکار پڵنگێکی دادگەر بوو! ئەو لە

بەر ئەوەی کە دادگەرە یارمەتی ئاژەڵان ئەدا!

ڕێوی فێڵبازیش پشتی چەپەڵی گرت و ووتی: لێیگەڕێ با قسەکانی بکا... گەر ئەتەوێ چاوەڕێ بە تا لە سەرۆکایەتی لات ئەبەن و لە دارستان دەرت ئەکەن!

شێر یەکسەر بەرەو ماڵی هاوکار کەوتە ڕێ، زۆریش تورە بوو، لە ناو تورەییدا چاوەکانی سور سور هەڵگەڕابوون، ئەو بە مەبەستی ئەوە ئەڕۆشت کە هاوکار لە ناو ببا، وای ئەزانی ئەگەر هاوکار لە ناو ببا ئیتر دەسەڵاتەکەی ناکەوێتە مەترسییەوەو و هیچ کەس و شتێک ناتوانێ ببێتە هەڕەشەو مەترسی بۆ دەسەڵاتەکەی.

هاوکار چاوی لێ بوو وا شێر لە دوورەوە دەرکەوت و بەرەو لای ئەو دێ، بۆیە وەک هەمیشە خۆی توند وتۆڵ کردەوەو بەوپەڕی شادمانییەوە بەرو پێشوازی شێر ڕۆشت، بەڵام بە نزیک بونەوەی شێر ئیتر هاوکار هەستی کرد کە شتێک ڕویداوە.

شێر بێ ئەوەی سەلام و چۆنی وچاکی بکا یەکسەر بە هاوکاری ووت:

* هێی پڵنگ ئاگادار بە من پاشای ئەم دارستانەم!

هاوکار بزەیەکی کرد و زۆر بە هێمنی و لە سەر خۆ ووتی:

= جا قوربان هەروایە! کێ ئەڵێ وا نییە؟
* لەمەولاش لە دارستانا هەر ئەبێ من پاشا بم!
= جا کەس هەیە بەرانبەر جەنابت بوەستێتەوە؟
* بەڵێ! کەسێک هەیە!
= کێیە؟

ئا لەم کاتەدا هەندێ ئاژەڵ هاتن بۆ ماڵی هاوکار، داوای یارمەتییان لێکرد، ئاژەڵەکان هەرچەند ڕێزی تەواویان لە شێر گرت بەڵام زیاتر لە گەڵ هاوکارا گفت وگۆیان کرد.

شێر بە دەنگێکی تورە ئامێزەوە قسەی بە ئاژەڵان بڕی و ووتی:

* هاوکار ئەزانی کێ ئەیەوێ بەرانبەرم بوەستێتەوەو نیازی ئەوەی هەیە تەختی پاشایەتیم لێ داگیر بکا؟
= کێیە جەنابی شێر؟
* تۆ! تۆ ئەی پڵنگی هاوکار! پێش ئەوەی بێم بۆ ئێرە بیستبوم کە تۆ نیازێکی بەو جۆرەت هەیە، بەڵام ئێستا خۆم بە چاوی خۆم ئەیبینم و تەواو دڵنیام کە تۆ چاووت بڕیوەتە تەختی پاشایی و ئەتەوێ من دەر بکەی!

هاوکار زۆر بە نەرمی و لە سەر خۆ ووتی:
= ئەم کارانەی من بۆ بەرژەوەندی گشتی و بە




تایبەت بەرژەوەندی دارستانەو هیچ مەبەستێکی خراپم نیە! ئەم کارانەی من پشتگیرییە بۆ تۆ نەک دژایەتی کردنی تۆ! دادگەری بنچینەو بناغەی فەرمانڕەواییە، خۆ من هەرگیز داوای پلە وپۆستم نەکردوە!

* بێدەنگ بە هاوکار! لە ئێستە بەدواوە تۆ گەورەترین دوژمنی منی، ئێستا دوو بژاردەت پێ ئەدەم و تەواو!

یەکەم: ئەم دارستانە بە جێبهێڵی و بڕۆی.

دووهەم: جەنگم لە گەڵا بکەی هەتا ئەتکوژم!

= کێشە نیە! من دارستان بەجێ ئەهێڵم! با شەڕو ئاژاوە نەکوێتە ناو دارستان و خوێنی هیچ ئاژەڵێک نەڕژێ.

هاوکار دارستانی بەجێهێشت و ڕۆیی، ڕۆشت بۆ شوێنێکی زۆر ووشک و بێ ئاو و بێ سەوزایی، لە گەڵ رۆشتنی هاوکار گیانی ئاژەڵەکان هەموی لە گەڵ هاوکارا ڕۆشت، تەنیا جەستەیان لە دارستانا مابوو، دادگەری و هێمنی و خۆشگوزەرانی باری کرد، تەنانەت زۆربەی ئاژەڵان دارستانیان بەجێهێشت و خۆی گەیاندە هاوکار، پێیان وابوو ژیان لە شوێنێکی ووشک و بێ ئاوا بە مەرجێک هاوکاریان لە گەڵدا بێ زۆر باشترە لە دارستانێکی زۆر خۆش بەڵام هاوکاری تیا نەبێ.

پاش ماوەیەک دارستان پڕ بوو لە کێشەو ئەوەی

دەسەڵاتی بوایە بە گوێرەی دەسەڵاتەکەی ستەمی ئەکرد، ئاژەڵی لاواز ئەبوە خۆراکی ئاژەڵی بەهێز و درندە، درندەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ درندەتر و چاوچنۆکتر ئەبون، لاوازەکانیش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لاوازتر و برسیتر و هەژارتر ئەبون، گورگەکان تەواو خۆشحاڵ و قەڵەو ببون، زۆر لە جاران درندەتر ببون، لە جاران زیاتر بەرچاو تەنگ و بەرچاو برسیتر ببون، ئاژەڵەکان بە تاک و بە دەستە کۆچیان ئەکرد بۆ لای هاوکار، لەوێ هەمویان لە ژێر سایەی دادگەری هاوکاردا بە خۆشی ئەژیان، هاوکار بریاری دا کە هەمویان دەست بکەن بە دارچاندن و بیرلێدان بۆ ئەوەی دارستانێکی جوان دروست بکەن، پاش ماوەیەک ئەو شوێنە وشک و بێ ئاوە بوە دارستانێکی سەوز و پر لە ئاو، هاوکاریش بو بە پاشای ئەو دارستانە نوێیە، ئاژەڵان زۆر بە بەختەوەری و شادمانی ئەژیان.

شێر تێگەشت کە گورگەکان بە گشتی و بە تایبەتی چەپەڵ فێڵیان لێ کردوە بۆیە ویستی کە تۆڵەی خۆی بکاتەوە، بەڵام گورگەکان دەستیان کرد بە درۆو دەلەسە هەڵواسین بۆ شێر و هەمو ئەو ئاژەڵانەی مابون هانیان دان لە شێر و هەمو ئاژەڵان دەستیان کرد بە خۆپیشاندانێکی گەورەو شێریان لە سەر تەختی پاشایەتی لادا و لە دارستان دەریانکرد.





شێر هیچ شوێنێکی باشتری لە دارستانەکەی هاوکار دەست نەکەوت، بۆیە ڕۆشت بۆ دارستانەکەی هاوکار، هاوکاریش بە سینگێکی فراوانەوە پێشوازی لە شێر کرد و لێی خۆشبوو.

شێر ووتی:

* هاوکار ! تۆ بوی بە پاشاو منیش لە تەختی پاشایەتی دەرکرام!

هاوکاریش ووتی:

= من پەیڕەوی دادگەریم کرد پاشایەتی خۆی هات بە دەممەوە، تۆش دادگەریت پشت گوێ خست پاشایەتی لە دەستت هەڵات.



# (٤)
# ئاسکی یەخسیر

یەکێ هەبو ، یەکێ نەبو ، جگە لە خوا هیچ کەس نەبو ، هیچ هەر نەبوو.

ڕۆژێک ڕاوچییەک لە دارستان بە تەڵە ئاسکێکی گرت و هێنایەوە بۆ ماڵ، کاتێ گەشتە ماڵ شەو بوو، زۆریش برسی بو ، هەرچەند ماڵ گەڕا هیچی بۆ خواردن دەستنەکەوت، ویستی ئاسکەکە سەر ببڕێ و گۆشتەکەی بکا بە کەباب و بیخوا ، بەڵام هەرچی کردی دڵی نەهات ئەو ئاسکی جوانە سەر ببڕێ، بۆیە بڕیاری دا بەو شەوە ئاسکەکە بباتە بازاڕ و بیفرۆشێ و بە پارەکەی خواردن بکڕێ.

لە سەر کۆڵانا چەند پیاوێک وەستابوون، ڕاوچی ووتی:

- ئەم ئاسکەم پێیە و ئەیفرۆشم!

پیاوەکان ووتیان:

+ بە چەندی ئەفرۆشی؟



- لە بازاڕ ئەم ئاسکە پەنجا لیرە ئەهێنێ، بەڵام چونکە شەوەو منیش پێویستم بە پارەیە بە هەرزان ئەیفرۆشم و ئەیدەم بە دە لیرە!

پیاوەکان زانییان ئەم ڕاوچیە پێویستی بە پارەیە بۆیە هەر یەکەو نرخێکی کەمی بۆ ئاسکەکە دانا

+ دوو لیرە زیاتر ناکا

= کێشە نیە من چوار لیرەی پێ ئەدەم

پیاوێکی ئاژەڵدار لەوێوە تێدەپەڕی و زانی کە ڕاوچیەکە پارەی پێویستەو ئاسکەکەش زۆر جوانە ووتی:

× ئەگەر زۆر هەژارو ئاتاجی من پێنج لیرەت پێ ئەدەم! بەم نیوە شەوە کەس پێنج لیرەت پێ نادا، ئەم ئاسکە گۆشتیشی کەمە و زۆر لەڕو لەجەرە!

ڕاوچیەکە ووتی:

- بابە گۆشتی چی؟ خۆ خەڵک ئاسک بۆ سەربڕین ناکڕێ، بۆ جوانی ئەیکڕێ!

× بە ئارەزوی خۆت! من لە پێنج لیرە زیاتری پێ نادەم.

بە کورتی پیاوەکە ئاسکەکەی بە پێنج لیرە کڕی و بردیەماڵەوە و کردیە نێو تەویلەی کەرەکانی، ئاسکەکە بە بینینی تەویلەی کەرەکان پەشۆکاو زۆری پێ سەیر بو، لە دڵی خۆیا ئەیووت: ئەم جێگە ناخۆشە



کوێیە؟ ئەوە چیە ئەوەندە بۆنی پیسە؟ ئەوە بۆ ئاوا لایەکی تەڕو خوساوەو لایەکی تەپ وتۆزە؟ .....

هێشتا ئاسکەکە لە گەڵ خۆیا قسەی ئەکرد کە کەرەکان بە یەکەوە تەماشایەکی ئاسکیان کردو پێ پێکەنین، یەک لە کەرەکان ووتی:

تۆ کێی؟ چی ئەکەی لێرە؟ بۆچی هاتوی بۆ ئێرە؟

ئاسکی ناسک و جوان هاتە وەڵام و ووتی:

من ناوم ئاسکە، لە دارستان ئەژیم، پیاوێکی ڕاوچی منی گرت و فرۆشتمی بە خاوەنەکەی ئێوەو ئێستە لێرەم!

کەرەکان ووتیان: باشە هەرچی هەی بەخێر بێی، شوێنەکەمان زۆر خۆشە، ئەوە چاڵێکی پڕ لە ئاو، ئەوە ئاخوڕی پڕ لە کا و جۆ، تا بەیانیش کەس نایەتە ئێرەو بۆ خۆت بخۆ و بخەوە! بەڵام ئاگات لە خۆت بێ نەکەویتە ژێر سمی ئێمەوە!

ئاسک ووتی: سوپاستان ئەکەم، من تازە بە خۆشی بێی بە ترشی لێرەم، بەڵام من کاو جۆم پێناخورێ، لە قوژبنێکا بۆ خۆم پشوو ئەدەم!

کەرەکان لەم ئاخوڕەو ئەچونە ئەو ئاخوڕ، بە هەمو هێزی خۆیان پڕ بە دەم ئەیانزەڕاند، لە ناو تەویلەدا غار غارێنیان ئەکرد و ئەیننا بە شوێن یەکترا، تەپ و تۆز لە لایەک و قوڕو قوڕاو لە لایەک، ئاسکی



ئاسک لەتاو بۆن وبەرامەی ناخۆشی تەویلەکەو تەپ و تۆز سمی کەرەکان خەریک بو ئەخنکا، لەولاشەوە ئەترسا بکەوێتە ژێر سمی کەرێکەوە.

کەرەکان تاو ناتوایێک تەماشایەکی یەکتریان ئەکرد و پێئەکەنین و ئەیانووت: تۆ تەماشای ئەم ئاسکە چ ئاژەڵێکی سەیرە، قاچی ئەوەندە باریکە ئەڵێی قامیشە، شاخیشی هەیە! تەماشا چاوی چەند گەورەیە! ئەو هەموە خاڵەی لاشەی! خۆ هیچ شوێنێکی لە مرۆڤ ناچێ! کەریش نیە! نە هیچ ئەخوا، نە قسە ئەکا، هەر لەم سوچەکە بۆ ئەو سوچەکە ڕا ئەکا! وا ئەزانێ ئێمە دێوی شەولەبانین! یان حاجکە دوو گوێچکەین!

کەرەکان ئەم قسانەیان دووبارە ئەکردەوەو تێر پێئەکەنین، بەڵام یەکێک لە کەرەکان لەوانیتر باشتر و بەسۆزتر بوو، ووتی: لێی گەڕێن! ئەوە ئاسکە خۆ کەر نیە، ئەو لێرە غەریبەو کەس کاری نیە، بچوکە! مناڵە! لەوانەیە بترسێ! ئەو میوانی خۆمانە، نابێ بیترسێنین، ئەبێ ڕێزی لێ بگرین!

هەمو کەرەکان بە گوێی ئەو کەرەیان کرد و بۆ تاوێک بێدەنگ بوون، پاشان کەرە بەسۆزەکە هاتە لای ئاسک و پێی ووت: وەرە مناڵی ژیر! وەرە لای خۆم لە ئاخوڕەکەی خۆما بلەوەڕێ، بزانە چ کایەکی

جوانی تیایە! ئەوەندە زەردە ئەڵێی زەعفەرانە، ئەوەندە گەورەیە ئەڵێی گەڵای دارە! ئەوەندە نەرمە ئەڵێی گیای سەوزە! ئەوەندە شیرینە ئەڵێی توێکڵی کاڵەکە! وەرە مەترسە! وەرە لام خۆم بلەوەڕێ و لای خۆم بخەوە!

ئاسک ووتی: سوپاس! من کام پێ ناخورێ! مناڵێش نیم هەر لەش ولارم بچوکە ئەگینا گەورەم! ئەگەر مرۆڤ بومایە ئێستا پیر ببوم! بەڵام چونکە ئاسکم هێشتا ناسک و نەرم نیان و جوانم!

کەرەکان هەمویان بەو قسانە پێکەنین و کەرێک ووتی: دە باشە جەنابی پیرەمێرد وەرە لای من جۆ بخۆ!

ئاسک ووتی: لێمگەڕێن! دانی من وردەو ناسکە! ناتوانم کاوجۆی پێ بخۆم، ئێوە خەریکی کاری خۆتان بن و کارتان بە منەوە نەبێ!

کەرێکیتر ووتی: ئێ ئێستا زانیم! ئەم جەنابی پیرەمێردە دانی نەماوەو ناتوانێ کاو جۆ بخوا! ئەی داماو ئەی لە ساراو بیابانا چیت ئەخوارد؟ لەوانەیە چێشتیان بۆ لێنابێت!.... هەمو کەرەکان بە جارێ دەستیان کرد بە پێکەنین بە ئاسک.

ئاسکی ناسک ووتی: تکا ئەکەم لێمگەڕێن! وازم لێ بێنن! بابە ئێوە نازانن! من خەریکە ئەخنکێم!



ئەمە جێگای من نیە، نامەوێ سوکایەتیتان پێ بکەم بەڵام کەر کەرەو ئاسک ئاسک، هەر یەکەو بە جۆرێک دروست کراوە، من ناتوانم لێرە بژیم! من لەمەوپێش لە شوێنێکی سەوز و ئاودارا ژیاووم! گژوگیای تەڕو تازەم خواردوە!

کەرێک هاتە قسەو ووتی: تۆ تەماشا چەند بێ ئابڕویە! کەمێک دامان بە دەمیەوە چەند قسەی زل بوە! گژوگیای سەو! ئاوی سازگار! دەشت و دەر! داماو تۆ کاوجۆ ناخۆی ئیتر ئەم قسانەت لە چیە؟ خۆت کەری! ئەخۆی بخۆ! ناخۆی چش! لێیبگەڕێن با لە برسا بمرێ!

ئاسکەکە زۆر خەمبار بوو، دڵی بۆ خۆی ئەسوتا، لە دڵـی خۆیا ئـەیـووت: خۆزگە ئـەو ڕاوچیە منی سەرببڕایەو ئەم جێگەیەم نەدیبایە! هیچ ئەوەندەی ئەوە ناخۆش نیە بکەوێتە ناو چین و توێژێک لێت تێنەگەن!

کەرە بە سۆزەکە ئاسکەکەی بینی دەگری و لە سوچێکا زۆر بە خەمباری دانیشتوە دڵی بۆی سوتاو هاتە لای ئاسکەکەو ووتی: چاوەکەم! مەگری خۆ گریان هیچ دەردێک دەرمان ناکا! خەفەت خواردن و خەمباری هیچ ناگۆڕێ، لە کۆنەوە ووتویانە: پێبکەنە بە دونیا، با دونیاش بۆت پێبکەنێ، تۆ پێت وایە ئێمە هیچ خەم

و خەفەتێکمان نیە؟ نا وانیە! ئێمەش وەک تۆ دڵمان پڕە لە خەم و خەفەت بەڵام چی بکەین ناچارین بەم ژیانە بچارین! ئێستا کە چارەنوس تۆی هێناوەتە ئێرە و کەوتویتە نێو تەویلەی ئێمەوە بە خەم خواردن هەر ئازارت زیاد ئەکا، مەگری و تۆش بۆ خۆت وەک ئێمە پێبکەنەو بە دونیا ڕابوێرە! ئێمەش پێمان خۆشە لەو دەرو دەشتە سەوزو پڕ لە ئاوە بەرەڵڵا بین و بە ئارەزوی خۆمان بێین و بچین و بارەبەری نەکەین، بەڵام خۆ دونیا بە دڵی من وتۆ نابێ! وەرە تۆش کاو جۆ بخۆ با وەک ئێمە گەورە ببی! ئەگەر کاو جۆش ناخۆی من ئەگەڕێم هەرچی گیای سەو تێکەڵ بە کاو جۆکە بوە بۆ تۆی جیا ئەکەمەوەو بۆت ئەهێنم!

ئاسکی ناسک لە تاو خەفەت خواردنا قوڕگی گیرا بو توانای قسەی نەمابو، بۆیە بە یەک ووشەش وەڵامی کەرەکەی نەدایەوە، لەم کاتەدا کەرێک لەوسەری تەویلەکەوە زەڕاندی و ووتی:

هێی ئەوەتا ئەوە تەڵێ گیای تەڕە، هێی کەرەکان هەرکامتان گیای تەڕی بینی نەیخوا با بیدەین بەم ئاسکە ناسکە!

ئاسک ووتی: پێویست ناکا دڵسۆزی بۆ من بنوێنن، دڵسۆزییەکەشتان کەرانەیە، من خەفەت بۆ گیا ناخۆم، خۆ من سوڵکەر نیم، من خەفەت بۆ

ئەوە ئەخۆم کە کەتومەتە نێو کۆمەڵێک کە دڵم پێیان ناکرێتەوەو لە یەک ناگەین!

کەرەکان بەم وەڵامەی ئاسک تورە بون و دەستیان کرد بە لوشکە و لەقە وەشاندن و ووتیان: جا وەرە پیاوەتی لە گەڵ ئاژەڵی ئاوادا بکە! ئەمە زۆر بێ عەقڵە! خۆ خەریکە سوکایەتیمان پی ئەکا!

یەکێک لە کەرەکان ووتی: شەیتان ئەڵێ برۆ لەقەیەکی لێدەو بیکوژە!

کەرێکیتریان ووتی: سەوزە گیای ئەوێ و ڕازیش نیە کەس هاوکاری بکا!!!

کەرێکیتر ووتی‌ک ئێستا ئەبمە قوربانی. کەرە هات و لەقەیەکی لە قاچی ئاسک دا قاچی ئاسک شکا کەرێکیتر هات و باڵی ئاسکی شکان، ئاسک لە تاو ئازار لە هۆشی خۆی چو

کەرە بەسۆزەکە سەرکۆنەی کەرەکانی کرد ووتی: کارێکی خراپتان کرد! ئەوە جۆرە ئاژەڵێکی ترە و وەک خۆمان نیە، بۆیە ئاوا خەمبارەو دڵی گیراوە، خۆ هەمو ئاژەڵێک وەک یەک بیر ناکاتەوە، خۆمان کاو جۆ ئەخۆین ئەو نایخوا، ئیتر پێویست ناکا لێیدەن!

کەرەکان ووتیان: نەخێر تاوانی تۆ بو هەر لە سەرەتاوە نازت کێشا و ئاوای لێهات، ئەگەر تۆ لێیگەڕایتایە خۆی لە برسا پەلاماری کا و جۆکەی ئەدا!

هەر چۆنێک بێ شەو تێپەڕی و ڕۆژ بویەوە، بەیانی زوو کابرای خاوەن ماڵ هاتە تەویلەو ئاسکەکەی بە دەست و لاق شکاوی بینی، هەڵیگرت و بردیەوە بۆ ماڵی ڕاوچییەکە و ووتی:

برا سەیرکە! من شوێنی بەخێوە کردنی ئەم ئاسکەم نیە! یەک شەو لای کەرەکان بوو بزانە چییان لێکردوە، دیارە ئاسک و کەر بە یەکەوە نایانکرێ! ئەوە ئاسکەکە و هەرکات پارەت بوو پێنج لیرەکەم بدەرەوە.

ڕاوچیەکە ئاسکەکەی وەرگرتەوەو بەخێوی کردو چارەسەری کرد و دوای چەند هەفتەیەک ئاسکەکە چاک بویەوە.

ڕاوچیەکە ئاسکەکەی برد بۆ باخچەی ئاژەڵان و فرۆشتی بە پەنجا لیرە، خاوەن باخچەی ئاژەڵانیش ئاسکەکەی برد و خستیە ناو قەفەسێکی گەورە کە چوار پێنج ئاسکیتری تیا بوو.

ئاسکەکە بە بینینی ئەو ئاسکانەی نێو قەفەس تەواو خۆشحاڵ بوو دەستی کرد بە پێکەنین و گۆرانی ووتن، ئاسکەکانی نێو قەفەسیش سەریان لەم کارەی ئاسکە نوێیەکە سوڕمابوو! پێیان ووت:

کورە تۆ زیندانی کراوی! ئەم شایی و هەڵپەڕینەت لە چیە؟

ئاسکەکە وەڵامی دانەوەو ووتی: من لە جەهەننەمەوە هاتوم! لە گەڵ کۆمەڵێک کەرا لە ژورێکا زیندانی کرابووم! ئەوانە هیچ لە من تێنەدەگەشتن! ئێستا بۆیە خۆشحاڵم ئێوە هاوزمان و هاوئاکاری خۆمن، لێم تێئەگەن و منیش لە ئێوە تێئەگەم.



# (٥)

# با خۆشبەختی دروست بکەین

یەکێ هەبو ، یەکێ نەبو ، جگە لە خوا هیچ کەس نەبو ، هیچ هەر نەبوو.

ڕۆژێک لە دارستانا مەیمون لە ماڵ ڕۆشتە دەر بۆ ئەوەی پێداویستەکانی بۆ خۆی بکڕێ ، هەر لە ماڵ هاتە دەر چاوی بە گوێدرێژ کەوت کە زۆر بە خەمباری دانیشتوەو ئاگای لە دەوروبەری خۆی نەماوە ... دیار بوو شتێک ئەوی خەمبار کردبوو.... مەیمون پێی ووت:

- کەری هاوڕێ ئەوە چیە وا دۆش داماوی؟

+ چیبکەم بۆ خۆم خەم و خەفەت ئەخۆم!

- لە بەر چی کەری دراوسێ؟

+ کورە هەرچی ئاژەڵ هەیە هەمویان بە چاوێکی سوکەوە تەماشای من ئەکەن... خۆیان بە گەورە ئەزانن.... ئەگەر ئاژەڵێک بیەوێ سوکایەتی بە ئاژەڵێکیتر بکا پێی ئەڵێ: کەرە! گوێدرێژ! من و

کەرەکانی هاوڕێم بوین بە بنێشتە خۆشەی دەمی ئاژەڵان و هەمویان گاڵتەمان پێ ئەکەن.

مەیمون تەماشایەکی کەری کرد و ووتی:

- خەفەت مەخۆ! ئەوە تەنیا کێشەی ئێوە نیە! ئێمەی مەیمونیش وەک ئێوەین! لەم دونیایە هەرکەس و شتێک ناشیرین بوو پێی ئەڵێن: ئەڵێی مەیمونە!

+ ڕاست ئەکەی هاوڕێ گیان! زۆر بە داخەوەم

- تۆش ڕاست ئەکەی ئێمە ئەبێ هیچ نەکەین و هیچ نەخۆین جگە لە خەم و خەفەت خواردن، من تا ئێستا وەک تۆ بیرم لەم بابەتە نەکردبویەوە، ئیتر لەمەولا منیش لە ماڵ نایەمە دەرەوەو هەر بۆ خۆم خەم و خەفەت ئەخۆم!

دوای چەند ڕۆژێک هەمو ئاژەڵان هەستیان کرد کە کەر و مەیمون دیار نین، بۆیە سەگ بە مەبەستی هەواڵپرسین ڕۆشت بۆ ماڵی کەر، دای لە دەرگا و بانگی کرد:

× کەری دراوسێ! کەری دراوسێ! تۆ لە ماڵی؟

+ کێیە لە دەرگا ئەدا؟

× منم سەگی دراوسێتان

+ بەخێر بێی! بۆچی هاتوی؟ کارت چییە؟

× تۆ چەند ڕۆژێکە دیار نیت، هاتم هەواڵێکت بپرسم.

+ بریارمداوە ئیتر لە ماڵ نەیەمە دەرەوەو هاوەڵی هیچ کەسێکیش نەکەم.

پاشان کەر چیرۆکەکەی بۆ سەگیش گێڕایەوەو سەگیش ووتی:

× منیش وەک تۆو مەیمون خەڵک و ئاژەڵانیتر گاڵتەم پێ ئەکەن، ئێوە کارێکی باشتان کردوە کە بڕیارتان داوە لە ماڵ نەیەنە دەرەوە، منیش لەمەولا لە ماڵ نایەمە دەرەوەو بۆ خۆم هەر خەم و خەفەت ئەخۆم و هاوەڵی کەسیش ناکەم.

دوای چەند ڕۆژێک ئاسکی چاوجوانیش هەستی کرد کە سێ ئاژەڵ لە هاوڕێکانی لە ماڵ نایەنە دەرەوەو گۆشەگیر بوون، ئەو هەستی کردبو کە کەرو مەیمون و سەگ وا هەست ئەکەن ئەم هەموە ئاژەڵە گاڵتەیان پێئەکەن و بە چاوێکی سوک سەیریان ئەکەن، بۆیە بڕیاریدا کە سەردانیان بکا و لەم بارەوە قسەیان لە گەڵا بکا....

ئاسک ڕۆشت بۆ ماڵی کەرو پێی ووت:

= بۆچی هێندە خەم ئەخۆیت و گۆشەگیر بویت و هاوڕێیی کەس ناکەیت و لە ماڵ نایەیتە دەرەوە؟

+ ئاسکی هاوڕێ! تۆ کەسێکی بەڕێزی و هەمو ئاژەڵان بە چاوێکی ڕێزەوە تەماشات ئەکەن، ئەگەر کەسێک بیەوێ پەسنی یەکێکیتر بە باشی و بە جوانی

بدات بە تۆی ئەچوێنێ و ئەڵێ: ماشەڵڵا هێندە جوانە ئەڵێی ئاسکە! بەڵام هەمو ئاژەڵان بە سوکی چاو لە من دەکەن و من بە شتێکی کەم ئەزانن.

= وا نیە کەری هاوڕێ! با یەک نمونەت بۆ باس بکەم، مرۆڤەکان تۆ لە ماڵا بەخێو ئەکەن و هەمو ڕۆژێ کا و جۆ و خواردنی خۆشت ئەخەنە بەردەم هەر لە بەر ئەوەی کاریان بۆ بکەی، بەڵام کون بە کون بە دوای منا ئەگەڕێن بۆ ئەوەی بمکوژن و گۆشتەکەم بخۆن! دەی ئیتر من پەسن و پیاهەڵدانی ئەوانەم بۆ چیە!؟ من ئەمەوێ ڕاووم نەکەن، ئەمەوێ بە ئازادی بۆ خۆم بژیم و کەس هەقی بە سەرمەوە نەبێ.

+ ئەوە بە ڕاستە!؟

= ئەیچۆن! با لەوەش گەڕێین، تۆ ئاژەڵێکی بە سودی، تەنانەت مرۆڤ بەو هەمو ژیری و دەسەڵاتەوە پێویستی بە تۆ هەیە، ئیتر لەوە زیاتر چیت ئەوێ؟

کەر کەمێک هاتەوەو سەر خۆو ووتی: ئای پەنا بە خوا لە دەست وەسوەسەی شەیتان.

ئاسکی ناسک ووتی:

= دەی وەرە با بە یەکەوە بچین بۆ لای مەیمون و سەگ

ئاسک دای لە دەرگای ماڵی مەیمون و مەیمون زۆر بە دەنگێکی پڕ لە بێزارییەوە ووتی:

- کێیە؟

= منم مەیمون! دەرگاکە بکەرەوە ئاسکی دراوسێی خۆتانم

مەیمون دەرگاکەی کردەوەو فەرموی لە ئاسکی چاوجوان کرد، ئاسک پێی ووت:

= مەیمون گیان ئەوە چیە دیار نیت؟

- بۆچی دیاربم؟ خۆ من هەمو کەس گاڵتەم پێ ئەکا، کەس بە جوانم نازانێ، ئیتر بۆچی بێمە ناو ئاژەڵان، وا باشترە لە ماڵەوە تەنیا بم و تێکەڵی کەس نەکەم.

= نا وانیە مەیمونی هاوڕێ! تۆ ئاژەڵێکی بەختەوەری، لە سەر ئەم دار باز ئەدەی بۆ سەر ئەو دار، کام میوە خۆشە ئەیخۆی، ئەو مرۆڤە ژیرانە تۆیان زۆر خۆش ئەوێ، ئەڵێن: مەیمون ئاژەڵێکی زیرەک و ئێسک سوک و خۆشەویسە! ئیتر لەوە زیاتر چیت ئەوێ؟

- وەڵڵا خۆ ڕاست ئەکەی وایە!

= دەی ئیتر بۆ خۆت بە بەختەوەر نازانی؟ بۆچی وا خەم و خەفەت ئەخۆی؟ وەرەر دەرەوەو لە گەڵ ئاژەڵانیترا یاری بکەو بۆ خۆت پێبکەنەو دڵخۆشبە

- راستە ئەکەی ئاسکی چاوجوان، قسەکانت دروستە، وا بڕیارمدا لەمەولا لە ماڵەوە دانەنیشم و



بێمە ناو ئاژەڵان و بۆ خۆم یاری بکەم و دڵخۆش بم.

= دەی وەرن با بڕۆین بۆ ماڵی سەگی وەفادار

ئاسک و کەر و مەیمون پێکەوە ڕۆشتن بۆ ماڵی سەگ و دایان لە دەرگا، سەگ ووتی:

× نامەوێ کەس ببینم، بڕۆن وازم لێبێنن

= بۆچی ناتەوێ کەس بتبینێ، تۆ دەرگا بکەرەوە با کەمێک پێکەوە قسە بکەین و دواتر بڕیار بدە.

سەگ دڵی نەرم بوو دەرگای لە ئاسک و مەیمون و کەر کردەوەو باسی خەم و خەفەتەکانی خۆی بۆ گێڕانەوە، ئاسک ووتی:

= چاوەکەم! تۆ ئاژەڵێکی زۆر بەسودی، تۆ بەرابەر خراپەکاری ئەوەستیتەوە، دزەکان لە تۆ ئەترسن و ناوێرن دزی بکەن، تۆ زۆر زیرەکی، تۆ پاسەوانی ئەکەی بۆ خەڵکی، هەرکەس چاکەیەک لە گەڵ تۆدا بکا تۆ ئەوەندە بەوەفای هەرگیز لە بیرت ناچێتەوە، ئیتر بۆچی دڵ بەم هەموە پەسنە جوانە خۆش ناکەی؟

سەگیش وەک مەیمون و کەر دڵی خۆش بوو ووتی:

× وەڵڵا ڕاست ئەکەی ئەی ئاسکی ژیر! قسەکانت تەواوە، کەوابێ ئیتر واز لە گۆشەگیری ئەهێنم و دێمەوە ناو ئاژەڵان و چیتر خەم وخەفەت ناخۆم.

بەمجۆرە ئاژەڵەکان بە دڵێکی خۆشەوە گەڕانەوە نێو کۆمەڵگا و نرخی خۆیانیان زانی، ئاژەڵانیتریش

بە گەڕانەوەی ئەو سێ ئاژەڵە شادمان بون و کردیان بە شایی و هەڵپەڕکێ، دوایی هەمویان سوپاسی ئاسکیان کرد بۆ هەوڵ و تێکۆشانەکانی و ئاسکیش ووتی:

= خۆ من هیچم نەکردوە، من هەر بە منالّی دایکم فێری کردوم و پێی ووتم:

خۆت بەختەوەری بۆ خۆت دروست بکەو مەبە بە دیل و یەخسیری ناخۆشیەکان

# (٦)
# مەیمونی گوێڕایەڵ

یەکێ هەبو ، یەکێ نەبو ، جگە لە خوا هیچ کەس نەبو ، هیچ هەر نەبوو

لە دارستانا مەیمونێک هەبو ناوی سەرحان بوو ، سەرحان لە گەڵ فەرحانی کوڕیا بە یەکەوە ئەژیان ، سەرحان زۆر فەرحانی کوڕی خۆش ئەویست ، زۆر جار کە فەرحان ئەڕۆشتە دەرەوە سەرحانیش لە گەڵیا ئەڕۆشتە دەرەوە ، جارجاریش سەرحانی بە تەنیا بەجێ ئەهێڵا بۆ ئەوەی خۆی بە تەنیایی یاری بکا ، زۆر جاریش پێی ئەووت کە هیچ کات بە تەنیایی نەچێتە دەرەوە ، چونکە سەرحان هێشتا مناڵ بوو ، تەمەنی گەورە نەبو ، سەرحان ئەترسا کە ئاژەڵە دڕندەکان شتێک بە سەر فەرحانا بێنن ، هەروەها بە فەرحانی ئەووت کە هەرگیز دەرگا لە نەناسراو نەکاتەوە .

ڕۆژێک وەک هەمو ڕۆژانیتر بە مەبەستی خواردن



پەیدا کردن سەرحان لە ماڵ ڕۆشتە دەر، سەرحان زۆری پێچوو، بۆیە فەرحان لە ماڵەوە بێزار بوو، لە پەنجەرەی ماڵەوە تەماشای ئەو هەموو ئاژەڵەی ئەکرد کە لە دەرەوەن و بۆ خۆیان یاری ئەکەن، ڕێوی لەولاوە پەیدا بوو، لە پەنجەرەکەوە چاوی کەوت بە فەرحان و زانی کە بە تەنیا لە ماڵەوەیە.

ڕێوی لە دڵی خۆیا ووتی: بۆچی بڕۆم بۆ شوێنی دور بۆ ڕاو؟ ئەگەر بتوانم ئەم مەیمونە بچکۆلەیە فریو بدەم بێتە دەرەوە ئەیخۆم و ئیتر ناچم بۆ شوێنێکی دور بۆ ڕاوکردن، جارێ با تەواو دڵنیا بم بزانم دایک وباوکی لە ماڵن یان تەنیایە؟

ڕێوی لە ماڵی مەیمون نزیک بویەوەو لەودیو پەنجەرەکەوە بە فەرحانی ووت:

- مەیمونی بچکۆل چۆنی؟

+ سوپاس باشم! تۆ کێی؟

- من هاوڕێی باوکتم، بێزەحمەت پێی بڵێ من ئەمەوێ بیبینم

+ باوکم لە ماڵ نیە، ڕۆشتوە خواردنێک پەیدا بکا

- ئەی ئەکرێ بێمە ژورەوە چاوەڕوانی باوکت بم؟

+ نەخێر! باوکم پێی ووتووم کە دەرگا لە هیچ کەسێکی نەناس نەکەمەوە، لە ماڵێش نەچمە دەرەوە.

- بۆچی باوکت وا ئەکا؟

+ چونکە من هێشتا مناڵم

ڕێوی دەستی کرد بە درۆ کردن و قسەی خۆشی بۆ فەرحان ئەکرد بۆ ئەوەی فریوی بداو دەرگای لێ بکاتەوە، لە ناو قسەکانا ووتی:

- سەیرکە! باوکت چۆن لە خۆشی ئەو دەرو دەشتە بێبەشی کردویت! تۆ نابی هەر لە ماڵەوە بیت و نەیەیتە دەرەوە، ئەبێ لە دەرا یاری لە گەڵ ئەو هەموو ئاژەڵە بکەی بۆ ئەوەی بیانناسی و هاوڕێی زۆرت هەبێ، تۆ ئەبێ کەسایەتیت بەهێز بێ و لە سەر پێی خۆت بوەستی و پشت بە کەس نەبەستی! ئەبێ چاوو گوێ دڕاوە بیت و بزانی ژینگە چۆنە و چی ئەگوزەرێ!

درۆو فێڵەکانی ڕێوی کاری لە مەیمونی بچوک کردو ووتی:

+ تۆ ڕاست ئەکەی مامە! قسەکانت تەواوە

- سوپاست ئەکەم ڕۆڵە! دەی دەرگام بۆ بکەرەوە با بێم لە ژورەوە چاوەڕوانی باوکت بکەم

+ بە سەرچاو هەر ئێستا دەرگاکەت بۆ ئەکەمەوە

فەرحان ویستی دەرگاکە بکاتەوە بەڵام زۆر بەهێز داخرا بوو، هەرچی کردی نەیتوانی بیکاتەوە، فەرحات هاتەوە بۆ لای پەنجەرەکەو بە ڕێوی ووت:

+ بمبورە مامە گیان! ناتوانم دەرگاکە بکەمەوە

- کێشە نیە من لە دەرەوە ئەیشکێنم
+ نەخێر کاری وا نەکەی، باوکم لێم تورە ئەبێ
+ مەترسە باوکت لە بەر من لێت تورە نابێ، من و باوکت زۆر یەکمان خۆش ئەوێ، ئەو من ببینێ لە خۆشیا هیچی لە بیر نامێنێ.
ڕێوی زۆر هەوڵیدا دەرگاکە بشکێنێ بەڵام نەیتوانی، زۆر تورە بوبو چونکە نێچیرەکەی بۆ نەدەگیرا، زۆر بە هێز دەرگاکەی پاڵ ئەنا و بە چوا تەماشای بێچوە مەیمونەکەی ئەکرد و لیک بە دەمیا ئەهاتە خوارەوە، فەرحان ووتی:
+ مامە ئەوە بۆ ئاوا سەیرم ئەکەی؟
- ئەوە خۆشم ئەوێی، من ناتوانم دەرگاکە بشکێنم، لە پەنجەرەکەوە وەرە دەرەوە.
+ نایەم! باوکم پێ گوتوم هەرگیز لە پەنجەرەوە نەیەمە دەرەوە
ڕێوی تەواو بێزار ببو، بە دەنگێکی گڕو پڕ لە بێزارییەوە ووتی:
- ئێی باوکم، باوکم، وەرە دەرەوە کەم بلێ باوکم، وەرە تەماشا ئەو دەرو دەشتە چەندە خۆشە، وەرە من ئەتپارێزم و ناهێڵم هیچ ئاژەڵێک زیانت پێ بگەیەنێ ... فەرحان دڵی نەرم بو، ویستی لە پەنجەرەکەوە باز بداتە دەروە، ڕێویش لەودیوەوە خۆی ئامادە

کردبو ئەگەر فەرحان بازیدایە دەرەوە یەکسەر بیگرێ و بیخوا، ئا لەم کاتەدا سەرحان گەشتەوە ماڵ، تەماشا ئەکا فەرحانی کەڕی خەریکە لە پەنجەرەکەوە باز ئەداتە باوەشی ڕێوی، بۆیە زۆر پەشۆکاو هەر لە دورەوە هاواری کرد و ووتی:

× نەکەی ڕۆڵە نەکەی، باز نەدەیتە کۆشی ئەو ڕێویە فێڵبازە، لە جێگەی خۆت نەجوڵێی.

فەرحان لە جێی خۆی وەستا و بازی نەدا، بەڵام چی بینی، بە چاوی خۆی چاوی بینی ڕێوی بە هەمو هێزیەوە غاری داو ڕایکرد، بۆیە ووتی:

+ مامە ئەوە باوکمە هاتەوە ئەی بۆ ڕا ئەکەی؟ تۆ نەتگووت من و باوکت دۆستین!؟

سەرحان بە فەرحانی ووت:

× بۆچی ویستت لە پەنجەرەکەوە باز بدەیتە دەرەوە ڕۆڵە گیان؟

+ ویستم لە گەڵ هاوڕێکەی تۆدا یاری بکەم

× ئەوە نە هاوڕێی منە و نە مامی تۆ، ئەوە ڕێوی فێڵباز بوو ویستی فریوت بداو بتخوا!

فەرحان ڕەنگی پەڕی و زەرد هەڵگەڕا و ووتی:

+ بمخوا!؟

× بەڵێ ویستی بتخوا، من پێم نەگوتی هەرگیز لە ماڵ نەیەیتە دەرەوە؟ پێم نەووتی: هەرگیز دەرگا لە



کەس نەکەیتەوە!؟

+ ببورە باوکە گیان! کەمێکی مابو بە هۆی گوێ نەدان بە قسەکانی تۆ سەری خۆم دابنێم و ببمە خۆراکی ڕێوی فێڵباز و بەدکار.

× خوا لێت ببورێ ڕۆڵە گیان! سوپاس بۆ خوا من لە کاتی خۆیا گەشتم.....



# (٧)
# یاسای هێز

یەکێ هەبو ، یەکێ نەبو ، جگە لە خوا هیچ کەس نەبو ، هیچ هەر نەبوو

کۆمەڵێک باڵندە لە سەر دارێکی گەورە هەر یەکەو لە هێلانەی خۆیا ئەژیا، ئەم باڵندانە یەکتریان خۆش ئەویست و هاوکاری یەکتریان ئەکرد، کۆتر لە گەڵ بێچوەکانی خۆیا ئەژیا، هەروەها قومری و چۆلەکەش، باڵندە گەورەکان بەیانییان ئەچونە دەرەوە بۆ پەیدا کردنی دان و ئێواران ئەگەڕانەوە.

ڕۆژێک قەلەڕەشێک هات و لە سەر دارەکە نیشتەوەو بە باڵندەکانی ووت:

- منیش دێم لێرە هێلانەیەک بۆ خۆم دروست ئەکەم و ئەبمە نیشتەجێی سەر ئەم دارە.

چۆلەکە ووتی:

+ کێشە نیە قەلەڕەش! ئەم دارە لق و پۆپی زۆرە، لە سەر لقێک بۆ خۆت هێلانەیەک ساز بکە.

کۆتریش ووتی:

= ها ئەوە شوێنێکی زۆر خۆشە و خۆر نایگرێتەوە، بۆ خۆت هێلانەی تیا دروست بکە.

قەلەڕەش زۆر بە فیز و خۆبەزلزانییەوە ووتی:

ـ نا! من ئەم دارەم هەموی ئەوێ، ئەبێ ئێوە بڕۆن و ئەم دارە بەجێبێڵن!

قومری ووتی:

× جەنابی قەلەڕەش! ئێمە ئەم جوجەڵە وردەڵانە بۆ کوێ ببەین؟ خۆ دارەکە گەورەیەو جێگەی هەموانی تیا ئەبێتەوە!

ـ من ئەمەوێ لە جێگەیەکی بێدەنگا بژیم، جریوە جریوی ئەو جوجەڵانەی ئێوە بێزارم ئەکا

= قەلەڕەشی شەڕانی! تۆ ئەتەوێ خۆمان و جوجەڵەکانمان لە بەر تۆ بخەینە تالوکەوە؟

قەلەڕەشەکە قڕاندی و قیغەیەکی ناخۆشی کرد و ووتی:

- بێدەنگ ئەی کۆتری بێ ئەدەب! من هەموتانم ئاگادار کردەوەو ئیتر خۆتان چۆن چۆنی ئەڕۆن و ئەژین ئەوە پەیوەندی بە منەوە نیەو کێشەی من نیە! ئێستە ئەڕۆم و سبەینێ دێمەوە، یەک هێلانە مابێ خوا هاوار! هەمو هێلانەکان تێک ئەدەم و بێچوەکانیش ئەکوژم! ئەوە من پێم ڕاگەیاندن و ئیتر ئەڕۆم!



قـەلـەڕەش دارەکـــەی بەجێهێڵا و دڵـــی هەمو باڵندەکانی پڕ کرد لە خەم و ناخۆشی.

+ چار نیە، من ئەڕۆم و بە شوێن دارێکا ئەگەڕێم و هێلانەی نوێ دروست ئەکەم با جوجەڵەکانم بە ساغ و سەلامەتی بمێننەوە! من زۆر لەو قەلەڕەشە ئەترسم

× بەڵام من ناڕۆم، تا بەیانی ئەمێنمەوە، بەڵکو ئەو قەلەڕەشە ڕای خۆی بگۆڕێ! خۆ ئەگەر لە سەر ڕاکەی خۆی سور بو منیش بە پەلە جوجەڵەکانم ئەرفێنم و ئەڕۆین بۆ جێگەیەکیتر

+ بەڵام تۆ بەو کارەت گیانی جوجەڵەکانت ئەخەیتە مەترسییەوە!

× نا! وا نیە، کێ ئەڵێ قەلەڕەش هەر بێتەوە؟

= من ئەمەوێ لە یەک کاتا دوو شت بکەم!

+× چی ئەکەی؟

= من بێچوەکان ئەبەمە سەر درەختێکیتر و خۆم لێرە ئەمێنمەوە بەڵکو بتوانم قەلەڕەش دەر بکەم!

+× چی چی ئەکەی؟

= ئەوەی کە ووتم!

کۆتر لێیدا ڕۆشت بۆ لای مراوی، هەمو چیرۆکەکەی بۆ گێڕایەوە، پێی ووت:

= هاوەڵی خۆشەویستم! ئەتوانی یارمەتیم بدەی؟

مراوی ووتی:

: کۆتری هاوڕێ! تۆ خۆت ئەزانی من لە ناو ئاوو لە سەر زەوییا ئەژیم، ناچمە سەر دارو درەخت، بەڵام بازێک ئەناسم کاتی خۆی چاکەیەکم لە گەڵ کردوە، جارێک جوجەڵەیەکی ئەو بازە کەوتبوە ناو ئاوو خەریک بو ئەخنکا من ڕزگارم کرد، بڕۆ بۆ لای باز و سڵاوی منی پێ بگەیەنەو بڵێ مراوی ناردومی و داوای هاوکاری لێبکە.

کۆتر ڕۆشت بۆ لای باز و پێی ووت:

= من لای مراوییەوە هاتوم بۆ لای تۆ!

باز ووتی:

:: بەخێر بێی سەرچاو! مراوی دۆستی منە، ئەو چاکەی بە سەر منەوە هەیە، هەرکەس مراوی بینێرێ بۆ لای من من گەلێ ڕێزی ئەگرم و ئەیخەمە سەرچاووم.

کۆتر چیرۆکی قەلەڕەشی بە تەواوی بۆ باز گێڕایەوە، باز ووتی:

:: لێیگەڕێ بۆ من و ئێوە کارتان بە کارییەوە نەبێ، بە پشتیوانی خوای گەورە تەمێی ئەکەم

ڕۆژی دوایی قەلەڕەش هاتەوەو ویستی باڵدارەکان ئازار بداو دەریان بکا، قڕاندی بە سەر باڵندەکان و ووتی:

- ئەوە ئەڵێی کەس لە شوێنی خۆی نەجوڵاوە!؟ خۆ من گەف و هەڕەشەم لە ئێوە کرد! هەر ئێستا هەمو





هێلانەکانتان تێک و پێک ئەدەم!

قەلەڕەش ویستی هێلانەکان تێکبدا لەو کاتەدا باز هات و لە سەر دارەکە نیشتەوەو ووتی:

:: ها قەلەڕەش! ئەوە چی ئەکەی؟

قەلەڕەش لە ترسا دەمی تەتڵەی ئەکرد و ووتی:

ـ هههھیچ... ئەئەئەئەمەمەمەوێ ێ ێ ئەو ئەو ئەو هێهێهێلانە کۆکۆکۆنانە بخەمە خوارەوە!

باز بە توڕەییەوە ووتی:

:: بۆ چی؟

ـ ئەئەو باڵندانە دددداوای هاوکارییان لێکردم و وووتیان یایایارمەتیمان بدە ئەئەئەو هیلالالانە بخەینە خوارەوە بببببا هێهێهێلانەی نوێ ددددروست بکەین!

باڵندەکان هەمویان بە یەک دەنگ هاواریان کرد و ووتیان:

+=× ئێمە شتی وامان نەووتوەو ئەو قەلەڕەشە ئەیەوێ ئێمە لێرە دەربکا.

قەلەڕەش لە ترسا لە شوێنی خۆیا ووشک بوو هیچی بۆ نەدەوترا و هیچیشی پی نەدەکرا، باز بە توڕەییەوە هاواری کردو قیژاندی بە سەر قەلەڕەشا و ووتی:

:: لێرە بڕۆ ئەی قەلەڕەشی ستەمکار! هەر ئێستە!



ئەگینا ئەتکەم بە هەزار پارچەوە.

- بببباشە گگگگگەورەم هههەر ئئئئئێستە ئئئەڕۆم، تتتوخوا مممەمكوژە ببببێچوم وووردە

:: تۆ خۆت بێچوت هەیە ئیتر بۆ ئەتەوێ بێچوی ئەو باڵندانە بكوژی؟

- هەڵەم كرد قوربان! مممممن هههێزم هههەبوو بببببۆیە وووام كرد! بببەڵام ئئئئێستە زززززانیم كككە لللە مممممن ببببەهێزتریش هههههەیە، توخوا مممممەمكوژە ئئئێتر كككككاری وووووا ناكەم

:: باشە! لە بەر ئەوەی بێچوت هەیە ناتكوژم! بە مەرجێك جارێكیتر نەیەیتەوە بۆ ئەم ناوە!

- ببە سسسەرچاو قققوربان ئئئئیتر نننننایەم

بەمجۆرە ئاشتی و خۆشی دوبارە گەڕایەوە بۆ لای باڵندەكان و لە سەر هێلانەكانی خۆیان مانەوەو هەمویان سوپاسی بازیان كرد.



## (٨)

# کەرگەدەنی هێمن و لە سەرخۆ

یەکێ هەبو ، یەکێ نەبو ، جگە لە خوا هیچ کەس نەبو ، هیچ هەر نەبوو

لە دارستانێکا مەیمونێکی ژیر و کەرگەدەنێکی هێمن و لەسەر خۆ لە دوو خانوی جیاوازا لە تەنیشت یەکا ئەژیان، ئەم دوانە هەر لە منداڵێیەوە دۆستی یەکتر بوون، بە منداڵی بە یەکەوە یارییان کردبوو و بە گەورەییش سەردانی یەکتریان ئەکرد.

ڕۆژێک مەیمونی ژیر بە مەبەستی سەردان ڕۆشت بۆ لای کەرگەدەن، تەماشای ئەکا کەرگەدەن زۆر تورەیەو زوزو لە ماڵ ئەچێتە دەرەوەو کۆڵێک دار ئەهێنێتەوەو دێتەوە!

مەیمون بە کەرگەدەنی ووت:

- ئەوە خێرە کەرگەدەن! ئەوە چی ئەکەی؟

+ ببورە مەیمونی بەڕێز! من ئەمڕۆ زۆر سەرم قاڵە!

- چی ئەکەی؟ ئەم هەموە دارە چیە؟ ئەوە نان و چێشتی میوانداری پێ ئەکولێنی؟

+ نەخێر! نە میوانم هەیەو نە نان و چێشت دروست ئەکەم، ئەمەوێ ماڵی زەڕافە بسوتێنم!!

- ئەم زەڕافەیەی دراوسێی خۆمان؟

+ بەڵێ

- بۆچی؟

+ ئاخر من خەوتبوم و خەووم بینی، لە خەوما زەڕافەکە ئاگرێکی گەورەی پێبوو بەرەو ماڵەکەی من ئەهات

- ئێ دوای ئەوە چی؟

+ دوایی ڕۆشتم پرسیارم لە ڕێوی کرد خەوەکەم بۆ خەو پەرژین بکا

- ئێ باشە ڕێوی چی ووت؟

+ جەنابی ڕێوی دڵسۆزی منە، ڕێوی ووتی:

= ئەوە مانای خەوەکەت ئەوەیە کە زەڕافە ئەیەوێ ماڵەکەی تۆ بسوتێنی، بەڵام تۆ زیرەک و ووشیار بەو پێش ئەوەی ئەو ماڵەکەی تۆ بسوتێنێ تۆ بڕۆ ماڵی ئەو ئاگر بدەو بیسوتێنە!

- کورە گێژی نەزان! هەر لە بەر خەوێ کە دیوتە ئەتەوێ ئەو زەڕافە داماوەو بێچوەکانی بسوتێنی؟ ئەوە ڕێوی فێڵباز فێڵی لێ کردوی.

+ دەی باشە ئێستا من چی بکەم؟

- بەخوا بزانم ئەتەوێ ئازاری ئەو زەڕافە داماوە

ئەدەی من ئەچم بۆ لای شێر و سکاڵات لە سەر تۆمار ئەکەم!

+ سکاڵا لە سەر من تۆمار ئەکەی؟ خۆ من دراوسێتم! چۆن کاری لەوجۆرە ئەکەی!؟

- ڕاستە تۆ دراسێی منی، بەڵام خۆ زەڕافەش وەک تۆ دراوسێمە! چۆن ئەهێڵم ستەمێکی ئاوا گەورە لە زەڕافە بکەی!؟

کەرگەدەن لە هەڕەشەو گوڕەشەی مەیمون ترسا، لە دڵی خۆیا ئەیووت: باشە ئەگەر مەیمون لای شێر سکاڵام لە سەر تۆمار بکا ئەوا شێر ئەمکا بە پارویەکی چەور! وا باشە چاودێری زەڕافە بکەم بزانم کەی ئەیەوێ ماڵەکەم ئاگر تێبەردا!

کەرگەدەن زۆر چاودێری زەڕافەی کرد، بەڵام نەیبینی زەڕافە دار بێنێ و ئاگر بکاتەوەو بیەوێ ماڵەکەی بسوتێنێ، بۆیە لە دڵی خۆیا ووتی: لەوانەیە بیەوێ کەمێک دوای بخا!!

پاش ماوەیەک دیسان مەیمونی ژیر هاتەوە بۆ لای کەرگەدەن و پێ ووت:

- ها کەرگەدەنی ئازیز! ئەوەتا زەڕافە ماڵەکەی ئاگر نەداوی!

کەرگەدەن ووتی:

+ ڕاستە ئاگری نەداوە، بەڵام من هەر ئەترسم و بۆ

خۆم پاسەوانی ئەکەم!

ـ کێشە نیە! هەتا ئەتوانی پاسەوانی بکە! بەڵام کاری هەڵە نەکەی!

نێوان مەیمونی ژیر و کەرگەدەن وەک جاران خۆش بویەوەو وەک جاری جاران سەردانی یەکتریان ئەکردو بەیەکەوە یاری و گاڵتەیان ئەکرد، ماوەیەک باران نەباری، ئەو گۆماوو سەرچاوە ئاوییانەی کە لە دارستانا هەبو هەموی ووشک بوو، شێر بانگێشتی هەمو ئاژەڵانی کرد بۆ ئەوەی پرس و ڕاوێژیان پێ بکا تا بزانن چی بکەن بۆ ئەوەی لە ووشکە ساڵی بە سەلامەتی دەرباز بن!؟

ئەسپ ووتی:

× دانیشتوانی ئەم شارەی نزیک دارستان هەمویان بیریان لێداوەو بە ماوەیەکی کەم گەشتوە بە ئاو، با ئێمەش بیر لێدەین!

فیل ووتی:

: زۆر جوانە! ڕاست ئەکا با خۆشمان بیری ئاو لێ بدەین!

شێر ووتی:

...دەی زۆر باشە! با چوار پێنج ئاژەڵ بە یەکەوە بیرێک بۆ خۆیان لێ بدەن و لە ئاوەکەی بخۆنەوە!

بۆ ڕۆژی دوایی مەیمونی ژیر بەیانی زوو هەستاو

لە گەڵ زەڕافەو فیل و ئاسک دەستیان کرد بە بیر لیدان

زەڕافە ووتی:

++ ئەوە کەرگەدەنی دراوسێ لە کوێیە؟

مەیمون ووتی:

- ئێستا ئەچم بانگی ئەکەم!

مەیمون ڕۆشت بۆ لای کەرگەدەن، تەماشا ئەکا کەرگەدەن لە خەو هەستاوەو بۆ خۆی دانیشتوە، مەیمون ووتی:

- دەی زووبە کەرگەدەن! دراوسێکان چاوەڕوانی چۆن، زووبە با بچین دەست بکەین بە بیر لێدان!

کەرگەدەن ووتی:

+ من لە گەڵ ئێوە نابم بە هاوڕێ!

- بۆچی؟ تۆ ئاو ناخۆیتەوە؟

+ من دوێشەو لە خەوما کانییەکی گەوەر لە تەنیشت ماڵەکەما تەقیبوو، ئاوی زۆر زۆر بوو، ئیتر بۆ خۆم ماندوو بکەم؟

- کورە کەرگەدەنی گێژ! ئەوە تۆ شەو بە تینوێتی خەوتوی بۆیە لە خەوتا کانی و ئاووت بینیوە! کانی چی و ئاوی چی؟ وەرە با دەست بکەین بە بیر لێدان!

+ کاکە ئێوە بڕۆن بیر لێبدەن، من نایەم! ئاوی بیری ئێوەم ناوێ!

- باشە! بە ئارەزوی خۆت!

ئاژەڵەکانیتر بە یەکەوەو بە هاوکاری یەکتر بیرێکیان لێداو بیرەکە گەشتە ئاو، هەمویان تێر ئاو بون و بێچوەکانیشیان تێر ئاو کرد و لە تینوێتی ڕزگار بوون، بۆیە زۆر دڵخۆش بوون

یەک دوو ڕۆژ تێپەڕی، کەرگەدەن هەر چاوەڕێ بوو کانی و ئاوێک لایماڵەکەیا سەرهەڵدا بەڵام هیچی نەدی!

مەیمون و فیل ڕۆشتن بۆ ئــەوەی هەواڵێکی کەرگەدەن بپرسن، ئەبینن لە تینوا ئاگای لە خۆی نەماوەو خەریکە ئەمرێ!

بۆیە ووتیان: کەرگەدەن ئەوە چی ڕویداوە؟

کــەرگــەدەن زۆر بە ناڕەحەتی توانی وەڵامیان بداتەوەو ووتی:

+ دوو ڕۆژە ئاووم نەخواردوەتەوە، خەریکە لە تینوا کوێر ئەبم و ئەخنکێم!

ئەوانیش ووتیان: بۆچی ئاووت نەخواردوەتەوە؟

+ ئاخر خەوەکەم نەهاتەدی و کانی و ئاوەکە نەتەقیوە!

فیل دەستی کرد بە پێکەنین و ووتی:

- کورە کەرگەدەنی ئازیز! ئێمە ئەبێ کار لە سەر ڕوداوە ڕاستەقینەکان بکەین نەک خەو!



هەبوو، نەبوو

ئاژەڵەکانیتر بە یەکەوەو بە هاوکاری یەکتر بیریکیان لێداو بیرەکە گەشتە ئاو، هەمویان تێر ئاو بون و بێچوەکانیشیان تێر ئاو کرد و لە تینوێتی ڕزگار بوون، بۆیە زۆر دڵخۆش بوون

یەک دوو ڕۆژ تێپەڕی، کەرگەدەن هەر چاوەڕێ بوو کانی و ئاوێک لای ماڵەکەیا سەرهەڵدا بەڵام هیچی نەدی!

مەیمون و فیل ڕۆشتن بۆ ئـەوەی هەواڵێکی کەرگەدەن بپرسن، ئەبینن لە تینوا ئاگای لە خۆی نەماوەو خەریکە ئەمرێ!

بۆیە ووتیان: کەرگەدەن ئەوە چی ڕویداوە؟

کـەرگـەدەن زۆر بە ناڕەحەتی توانی وەڵامیان بداتەوەو ووتی:

+ دوو ڕۆژە ئاووم نەخواردوەتەوە، خەریکە لە تینوا کوێر ئەبم و ئەخنکێم!

ئەوانیش ووتیان: بۆچی ئاووت نەخواردوەتەوە؟

+ ئاخر خەوەکەم نەهاتەدی و کانی و ئاوەکە نەتەقیوە!

فیل دەستی کرد بە پێکەنین و ووتی:

- کورە کەرگەدەنی ئازیز! ئێمە ئەبێ کار لە سەر ڕوداوە ڕاستەقینەکان بکەین نەک خەو!




# (٩)
# شێری ووریا و تێگەشتوو

یەکێ هەبو ، یەکێ نەبو ، جگە لە خوا هیچ کەس نەبو ، هیچ هەر نەبوو

لە دارستانێکا شێرێکی ووریا و تێگەشتوو ژیر هەبو! بەیانییەک زوو شێر لە خەو هەستاو ڕوی کردە ئەو دارستانەی کە گای کێوی زۆری تیا بوو، ئەیەویست گایەکی قەڵەو ڕاو بکاو زگی خۆی تێر بکا! شێر لە نێو دارەکانا خۆی پەنهان ئەکرد بۆ ئەوەی ڕەوی گاکێویەکان نەیبینن و بەڵکو یەکێکیان جیا بێتەوەو ئەویش ڕاوی بکا.... زۆر بە هێمنی لە نێو دارەکانا ڕێی ئەکرد چی لە ناکاو چاوی بە شێرێکی برادەری خۆی کەوت کە ناوی شێری زیرەک بوو، ئەویش بە تەمای ڕاو بوو، چاوەڕێی ئەکرد گاکێوییەک ڕاو بکا! شێری تێگەشتو بە دەنکێگی کز و زۆر لە سەر خۆ ووتی:

- زیرەک چۆنی؟

+ سەرچاو ووریا گیان تۆ چۆنی؟
- تەماشای ئەو ڕەوە گاکێوییە بکە!
+ بەڵێ! ئەیبینم، پڕە لە گاکێوی قەڵەو قەڵەو!
- چاوەڕێ بە با یەکێکیان لە ڕەوەکە جیا بێتەوەو بە یەکەوە شاڵاوی بۆ ئەبەیتن و ڕاوی ئەکەین!
+ نا! من چاوەڕێ نابم، من زیرەکم! ئێستا خۆم بە تەنیا شاڵاو ئەبەم و یەکێکیان ئەگرم و ئەوانیتر لە ترسا ڕا ئەکەن و ...
ووریا قسەکەی بە زیرەک بڕی و ووتی:
- نا تۆ تەماشا بەکە! ئەوان بە گوێی سەرۆکەکەی خۆیان ئەکەن، ئەو هەرچی بڵێ وا ئەکەن
+ جا چیە؟ ئەوە چ پەیوەندی بە ڕاوەوە هەیە؟
- ئاخر ئەگەر تۆ شاڵاویان بۆ ببەی ئەوان هەمویان بە قسەی ڕیش سپیەکەی خۆیان کۆ ئەبنەوەو بە هەمویانەوە بە قۆچت ئەدەن و ئەتکوژن!
زیرەک پێکەنی ووتی:
+ کورە تۆ هێشتا منت نەناسیوە! ئەوانە چۆن بە من ئەوێرن!؟
- باشە! خۆت ئەزانی، من پێم ووتی دوایی گلەیی نەکەی!
زیرەک بەرەو گامێشە کێوییەکان ڕۆشت و شاڵاوی برد بۆ یەکەم گامێشی کێوی، بەڵام هەر کە ڕیش سپی گامێشەکان چاوی بە زیرک کەوت یەکسەر هاواری کرد

و، ووتی:

= ئادەی هەموتان ڕیز بن!

گامێشەکان بە پەلە ڕیز بون و هەمویان بە یەکجار شاڵاویان بۆ زیـرەک برد و دایانە بەر قۆچ و شاخ! بوکتە کام لات دێشێ!؟ ئەوەنەیان لە زیرەک دا هەمو گیانی خوێناوی بوو، خوێن بە لاشەیا ئەچۆڕا! زیرەک زۆر بە سەختی بریندار بوو، هەرچۆنێک بێ خۆی لە دەستی گامێشەکان ڕزگار کرد و ڕای کرد و خۆی گەیاندە شوێنێکی چۆڵ!

دوای کەمێک ووریا چاوی بە زیرەک کەوت و پێ ووت:

- ئەی من پێم نەووتی نەکەی لە خۆتەوە شاڵاویان بۆ ببەی؟ ئەوانە پشتی یەکتر ئەگرن و شێریش چاریان ناکا!

+ ئەی چی بکەین؟

- جارێ بۆستە با برینەکانت تیمار بکەم دوایی ئاژەڵێکی بچوک ڕاو ئەکەین و دواتر قسەیەک لە ڕاو کردنی ئەو گامێشانە ئەکەین!

ووریـا زیرەکی دا بە کۆڵی خۆیا و بردیەوە بۆ دارستانەکەی خۆیان، شێرەکانیتر بە ڕوداوەکەیان زانی و هاتن بۆ سەردانی زیرەک، ئەویش لە تاو ئێش و ئازار هەر ئەینالاند و هاواری ئەکرد و ئەیووت:

+ خۆزگا بە گوێی ووریام کردبا و ئاوام بە سەر خۆم



نەهێنایە!

بۆ ڕۆژی دوایی ووریا سەردانی زیرەکی کرد و ووتی:

- دەی زیرەکی هاوڕێم! خەفەت مەخۆ! خەمت نەبێ هەرچۆنێکم کردبێ بەمزوانە گۆشتی گامێشی کێویت بۆ پەیدا ئەکەم، ئەبێ ڕاوێکی وا بکەم خۆت بە تەنیا گامێشێکت بەر بکەوێ!

+ نە ! نە ! ووریـا گیان کاری وا نەکەی! بڤەیە! من ئەزانم ئەوانە چەندە بەهێزن! جارێ ئـازاری ئەو قۆچەیان، ئەوە هەر تەواو نابێ! خۆ خەریک بون بمکوژن بە پەلە هەڵاتم! نەکەی لێیان نزیک نەبیتەوە!

- کورە تۆ چوزانی؟ من شتێکیترم لە مێشکایە!!

+ چیە؟

- ئەو گامێشە کێوییانە بەو جۆرەی کە تۆ ویستت ڕاو ناکرێن! من ڕێگە چارەی ترم لایە!

+ ئادەی شێری ووریاو چاونەترس! دەی پیشانم بدە بزانم چی ئەکەی؟

وریـا ڕۆشتەوە بۆ شوێنەکەی ئەو ڕۆژە، بەڵام ئەمجارە خۆی نەشاردەوە، بەڵکو ورد ورد تەماشای گامێشەکانی ئەکرد و چاوی بە گامێشێکی لاوو بەهێز کەوت، وریا هاواری کردو بە گامێشە لاوەکەی ووت:

- جەنابی سەرکردەی گامێشەکان ئەمەوێ قسەت لە گەڵا بکەم!

گامێشی لاوو بەهێز ووتی:

× من سەرکردە نیم، سەرکردەی ئێمە ئەو گامێشە پیرەیە کە لە ژێر ئەو دارە گەورەدا ئەلەوەڕێ!

- ئێ! زۆر سەیرە! تۆ بەو هەمو هێزو تواناتەوە سەرۆک نیت و ئەو گامێشە پیرە سەرۆکە!؟ ئەگەر من لە جێی تۆ بومایە ڕازی نەدەبوم ئەو پیرە سەرۆک بێ...

دوایی وریا لێیدا ڕۆشت و گامێشە لاوەکەی بەجێهێشت...

گامێشی لاو هەر بیری لە قسەکانی ووریا ئەکردەوەو لە دڵی خۆیا ووتی:

× کورە قسەی ئەو شێرە زۆر ڕاستە! ئەوە شێرە شێر! ئەزانێ کێ شایانی سەرۆکایەتییە، ڕاست ئەکا چۆن ئەبێ گامێشێکی بەهێزی وەک من ژێر دەستەی ئەو گامێشە پیرە لاوازە بم؟

دوایـی گامێشە لاوەکـە ڕۆشـت بـۆ لای گامێشە گەنجەکان و هەمویانی کۆ کردەوەو پێی ووتن:

× گامێشە لاوە بەهێزەکان! چۆن ڕەوایە بە بوونی ئێوەی بەهێز گامێشێکی پیرو لاواز سەرکردە بێ؟ ئێوە دەنگ بە من ئەدەن و ڕازین من ببمە سەرۆکتان؟ ئێوە گوێڕایەڵی من بم منیش هەمو داواکاریەکانتان بۆ جێبەجێ ئەکەم و ناهێڵم ئەو گامێشە پیرە ببێتە سەرکردەتان! ئەو گامێشە پیرە زۆر جار ناهێڵێ ئێمە بە ئارەزوی خۆمان بجوڵێینەوە!

یەکێک لە گامێشە لاوەکانیتر ووتی:

: کاکە! ڕاستیەکەی ئەوەیە کە گامێشی پیر ئەزمونی

لە منیش و تۆش زیاترە، من و تۆ ناتوانین وەک ئەو سەرکردایەتی بکەین!.

چەند گامێشێکی لاو لاەولاوە دەنگیان بەرز کردەوەو ووتیان: بێدەنگ بە! ڕاست ئەکا ئێمە بۆچی ژێردەستەی ئەو گامێشە پیرە بین؟

دوای ئەوە گامیشەکان بوون بە دوو دەستەوە، دەستەیەکیان لای گامیشی پیر مانەوەو دەستەکەیتر گامێشە لاوەکەیان کرد بە سەرۆکی خۆیان، پاش ماوەیەکی زۆر کەم ئەو دەستەی کە لە گامێشە پیرەکە جیا بونەوە لە ناو یەک بو بە شەڕیان و کەس گوێی بۆ کەس نەدەگرت، هاتن بە سەرو گوێلاکی یەکترا، گامێشی لاوو بەهێز بریندار بوو، شێرە ووریاکە بە دەرفەتی زانی و هات و گامێشە بەهێزەکەی ڕاو کرد، گامێشەکانیتر لە ناو شەڕو هەرای خۆیان نەیانزانی ئەو گامێشە ڕاو کراوە.

گامێشی بەهێزو لاوو بریندار بە ووریای ووت:

× ئـەوە بۆ کوێم ئـەبـەی؟ ئـەوە ئـەتـەوێ وەک سەرکردەی تازەو لاوی گامێشە لاوەکان حیسابم بۆ بکەی و گفت وگۆم لە گەڵا بکەی؟

ووریا ووتی:

- نەخێر گیانە! ئەتبەم ئەتخۆم!

× ئەی کوا خۆ تۆ ئەو ڕۆژە بە منت ووت: زۆر سەرسامم پێت تۆ زۆر بەهێزی!

- ئەوە هەمو خەڵەتاندن بوو، تۆم لە خشتە برد، بۆیە وامکرد پارویەکی قەڵەوو چەورم دەستکەوێ!

× بمخۆ نۆشی گیانت بم، بمخۆ... من بومە هۆی دووبەرەکی نێوان گامێشەکان، من بۆ کوشتن باشم، هەموی تاوانی من بوو ئەوانیش ئاوایان بەسەر هات، بمخۆ و گۆشتی منیش بدە بەو شێرەی کە ئەو کاتەی ئێمە یەکرێز بوین خەریک بوو بیکوژین، ئەو کاتە چونکە یەکرێز و تەبا بوین بەهێز بوین، بەڵام من ئەو یەکرێزی و تەباییەم لە ناو برد، بۆیە شایانی ئەوەم کە ببمە نێچر بۆ ئێوە!

ووریا سەری کردە لاشەی بێ گیانی گامێشەلاوەکەی تێری لێخوارد و پاشماوەکەشی برد بۆ زیرەکی برادەری، زیرەک سەری سوڕما و ووتی:

+ ئەرێ بەڕاست ووریای هاوڕێم چۆن توانیت ئەو گامێشە گەورەیە ڕاو بکەیت و هیچ برینێکت لێ نەکەوێ؟

ووریـاش دانیشت و دەستی کرد بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکە بۆ زیرەک....

# (١٠)
# سەگی بێبەش

یەکێ هەبو ، یەکێ نەبو ، جگە لە خوا هیچ کەس نەبو ، هیچ هەر نەبوو

ڕۆژێک لە گوندێکا دوو سەگ گەشتن بە یەک و سەگی یەکەم بە سەگی دووەمی ووت:

- کاک سەگ چۆنی، ناووت چیە؟

سەگی دووەم ووتی:

+ زۆر سوپاس باشم، من ناووم بۆرەیە، هاتوم بۆ ئەم گوندە بەڵکو لای شوانێک کاری پاسەوانیم دەست بکەوێ!

- لە کوێوە هاتوی؟

+ لەو گوندەی ئەوبەرەوە هاتوم، لەوێ پاسەوانیم بۆ شوانێکی بەڕێز ئەکرد.

- ئەی چی ڕویدا ، بۆچی لەوێ نەماوی؟

+ بڵێم چی؟ شوانەکە مرد، منداڵەکانی هەمو ئاژەڵەکانیان فرۆشت و منیش بێکار ماووم، ئەی تۆ چ

کارەی؟ ناووت چیە؟

- منیش وەک تۆم، نـاووم بۆرەیە، هاتوم لای شوانێک، گاوانێک، خاوەن حەوشەو ماڵێک دابمەزرێم و پاسەوانی بکەم.

لەو کاتەی کە شێرەو بۆرە پێکەوە گفت وگۆیان ئەکرد پشیلەیەکی بچوک بەویا تێپەڕی و چاوی بە شێرەو بۆرە کەوت و لە ترسا هەڵات، بۆرە بانگی کرد و ووتی:

+ پشیلەی جوان مەترسە! ئێمە دوو سەگی بێکەس و داماوین، هاتوین بە دوای کار ئەگەڕێین، ئەتوانی یارمەتیمان بدەی؟

پشیلەکە کەمێک نزیک بویەوەو زانی کە سەگەکان نێتیان خراپ نیە دڵنیا بویەوەو ووتی:

= وەرن دوام بکەوون، ئێستا ئەتانبەم بۆ لای شوانەکان

پشیلەکە پێشکەوت و شێرەو بۆرەش بە دوایا دەستیان کرد بە ڕۆشتن و بە دەم ڕۆشتنەوە قسەیان ئەکرد

پشی ووتی:

=ئەم گوندە زۆر لە کێوەکانەوە نزیکە

شێرە ووتی:

- دەی چیە؟



پشی ووتی:

= ئاخر کێو پڕیەتی لە گورگ! زوو زوو شاڵاو دێنن بۆ مەڕو بزنەکانی ئەم گوندە

بۆرە ووتی:

+ ئێ تێگەشتم! مەبەستت ئەوەیە پاسەوانی لەم گوندە کارێکی گران و قورسە! وا نیە؟

= بەڵێ مەبەستم ئەوە بوو

پشی و شێرەو بۆرە گەشتنە ئەو شوێنەی کە شوانەکانی لێبوو، شێرەو بۆرە لە شوانەکان نزیک بونەوەو ووتیان:

+- هاتوین بۆ پاسەوانی کردن.

شوانێک لەوێ بوو ناوی هیوا بوو، هیوا بە بۆرەی ووت:

× باشە! من تۆم ئەوێ بۆ پاسەوانی

شوانیکیتریش لەولاوە بو ناوی کامەران بوو، بە شێرەی ووت:

: منیش تۆم ئەوێ و وەرە لای من پاسەوانی بکە.

شێرەو بۆرە پێکەوە ووتیان:

+ - ئەی موچەکەمان چەندەو چیە؟

هیواو کامەرانیش ووتیان:

× : تاقی بەیانیان پێشەیەک و تاقی ئێوارانیش پێشەیەک!

شێرەو بۆرە دەستیان کرد بە پاسەوانی، بۆرە زۆر بە باشی پاسەوانی ئەکرد و گورگی لە ڕانەکەی هیوا دور ئەخستەوەو بە موچەکەشی ڕازی بوو، بەڵام شێرە جۆرێکیتر بیری ئەکردەوە، لە دڵی خۆیا ئەیووت: تاقی بەیانی یەک پێشەو تاقی ئێوارە یەک پێشە زۆر کەمە! ئەی ئاوی سارد؟ ئەی پشوو؟ ئەی سەیران و گەڕان؟ ناکرێ! ئەبێ هەرچۆنێک بوە من لە گەڵ گورگەکانا ڕێکەوتنێک بکەم!

دوای ئەوە شێرە چاوی بە گورکێک کەوت و بەرەو گورگەکە ڕۆشت و گورگەکە لە ترسا هەڵات، بەڵام شێرە بانگی کرد و ووتی:

- هێی گورگە! مەترسە، بۆستە کارم پێتە، با من و تۆ ڕێکەوتنێک بکەین!

گورگەکە ووتی:

:: فێڵم لێ مەکە!

- نا فێڵی چی؟ من بە ڕاستمە ئەمەوێ ڕێکەوین!

:: چ جۆرە ڕێکەوتنێک؟

بۆرە باسی کارو موچەکەی خۆی بۆ گورگە کرد،

گورگە ووتی:

:: من پێشنیارێکم هەیە!

- چیە؟

:: ئەبێ چاوی خۆت دابخەی بۆ ئەوەی گورگەکانی



هاوڕێم بەر ببنە ڕانەکەو بە ئارەزووی خۆیان مەڕی قەڵەو قەڵەو ڕاو بکەن!

- ئەی من لە بەرامبەر ئەوەدا چیم پێ ئەبڕێ؟

:: ئێمەش هەمو پێشەوپەڵاکانت بۆ دێنین!

- چیتر؟

:: جگە لەوەش پێشەی هەر مەڕێکیترمان لە هەر جێگەیەک ڕاو کرد بۆ تۆی ئەهێنین!

لیکاو بە دەمی شیرەدا ئەتکاو لە دڵی خۆیا ووتی: کاری کەم و موچەی زۆر! زۆرباشە لەوە باشتر چی بێ؟

دوای ماوەیەک شێرەو بۆرە یەکیان بینی و شێرە بە بۆرەی ووت:

- ئەوە چیە بۆ ئەوەندە لاوازی؟ خۆ خەریکە ئەتۆپی!

بۆرە ووتی:

+ کورە پاسەوانی لەم گوندەدا زۆر سەختە، منیش ئەمەوێ بە باشی کارەکەی خۆم جێبەجێ بکەم، ئەی بەڕاست ئەوە چیە تۆ ئەوەندە قەڵەو بووی؟ دیارە خواردنی باشت پێ ئەدەن؟

- بەڵێ! کەمێک کاری بچوک و خواردنی زۆرو خۆش!

+ چۆن؟



شێرە چیرۆکی ڕێکەوتنی خۆی لە گەڵ گورگەکانا بۆ بۆرە گێڕایەوە، بۆرە ووتی:

+ دەی خۆ ئەوە خیانەتە!

- خیانەتی چی گێلە! تۆ باشی خەریکە ئەتۆپی؟ بزانم بەرامبەر ئەو هەموو شەو نخونی و پاسەوانیەی ئەیکەی چیت دەسکەوتوە؟

+ سەگی هاوڕێ! ئەمانەت تاجی سەری خاوەنیەتی

- بەڵام خۆ تۆ نەتێر ئەخۆی و نەتێر ئەخۆیتەوە، ئەوە کەی گوزەرانە تۆی تیایە؟

+ گێل تۆی! لەوانەیە خیانەت بۆ ماوەیەکی کەم خۆشی و گوزەرانی باشی پێوە بێ بەڵام دوای تێپەڕینی ئەو ماوە کەمە...

شێرە قسەکانی بە بۆرە بڕی و ووتی:

- ڕۆژگار ئەیسەلمێنێ کە ئەوەی تۆ پێی ئەڵێی خیانەت لەو هەموو کارو برسێتیەی تۆ باشترە!وەرە با بە یەکەوە تەماشای ئەو ئاوە بکەین و وێنەی خۆمان ببینین بزانین کاممان خۆشبەختین؟

شێرەو بۆرە ڕۆشتن بۆ لای گۆماوێک و تەماشای وێنەی خۆیان کرد، شێرە زۆر قەڵەو بوو، تێر بە بۆرە پێکەنی و ووتی:

- جوانی دەموچاو باشترە تا جوانی قسە! وا من ڕۆشتم، بە ئارەزوی دیدار!

دوای ماوەیەک هیواو کامەران گەیشتن بە یەک، کامەرانی شوان بە هیوای شوانی ووت:

: دەنگو باسی ڕانەکەت؟

هیوای شوان ووتی:

× ڕانەکەم زۆر باشە، بۆرە بە باشی کارەکانی خۆی ئەکاو هیچ درێخی ناکا، بۆیە بڕیارم داوە لەم مانگەوە ڕۆژانە سێ پێشەی پێ بدەم و مانگی داهاتوش بۆی ئەکەم بە چوار پێشە! ئەی دەنگو باسی ڕانەکەی تۆ؟

کامەران بە دڵێکی پڕ لە خەمەوە ووتی:

: چی بڵێم کاک هیوا! شەو نیە گورگ مەڕێ یان دوو مەڕم نەبن، زۆر سەیرە هەمیشە بەردەم شیریش پڕە لە ئێسقان نازانم لە کوێی ئەهێنێ؟ ئەبێ لە ئەمشەوەوە بە ووریایی چاودێری بکەم بزانم ئەو ئێسکانە لە کوێ ئەهێنێ؟

لەو ڕۆژە بە دواوە کامەران بە ووردی چاودێری شێرەی ئەکرد و بۆی دەرکەوت کە شێرە خیانەتی لێ ئەکاو مەڕەکان ئەدا بە دەرخواردی گورگەکانا، بۆیە کامەران بڕیاری دا شێرە دەربکا، بەڵێ کامەران شێرەی دەرکردو بە هەمو شوانەکانیشی ووت:

: کەس ئەم سەگە نەگرێتە لای خۆی، ئەمە خیانەتکارە!

بۆیە لەو ڕۆژە بەولاوە شیرە خواردنی نەما، پەنای برد بۆ لای گورگەکان ئەوانیش دەریانکرد، ووتیان: تازە ئیمە تۆمان بۆ چیە؟ کەڵکت نەماوە، هەر ئێستا نەڕۆی ئەتخۆین!

لەولاشەوە هیوای شوان تەواو متمانەی بە بۆرە پەیدا کرد و خواردنەکەی بۆ زیاد کرد، بۆیە بۆرە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر لە خۆشیا ئەژیاو قەڵەو ئەبوو، لەولاشەوە شێرە بێ لانەو بێ خۆراک هەرشەوێ لە شوێنێک ئەکەوت و تەواو لاواز ببو، ڕۆژێک بۆرە لە گەڵ ڕانەکەی خۆیا بەرەو کێو ئەڕۆشتن، بۆرە چاوی بە شێرە کەوت، شێرە تەواو لاواز ببو، خەریک بو لە برسا ئەتۆپی، بۆرە پێی ووت:

+ هێی شێرە پێم بڵێ ئێستا ئەزانی خیانەت چیە؟

- بەڵێ! هەرکەس خیانەتکار بێ گێلە!


SCHOOL


1
زنجیرەی هەبوو، نەبوو
نرخی ئازادی
ئامادەکردنی: ئازاد عەبباس
2
زنجیرەی هەبوو، نەبوو
زمانی ئاژەڵان
ئامادەکردنی: ئازاد عەبباس
4
زنجیرەی هەبوو، نەبوو
دادگەری بناغە و ریشەی
هەموو خێرو خۆشییەکە
ئامادەکردنی: ئازاد عەبباس
5
زنجیرەی هەبوو، نەبوو
چاڵ هەڵکەن خۆی لە بن چاڵە
ئامادەکردنی: ئازاد عەبباس